# کۆیە لە روانگەی بەرهەمی گەڕیدەو مسیۆنەر و دیپلۆماتە بیانییەکانەوە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم

**سامان حسێن احمد [١]**

[١] بەشی زانستەکۆمەلآیەتییەکانی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

کۆیە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان ،لە سەردەمی عوسمانییەکانیشدا ،یەکێك بووە لە شارە دیارەکانی کوردستان وپێگەیەکی سیاسی و ئابووری بەرچاوی هەبووە ،ئەمەش وایکردووە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم چەند گەڕیدەو وئەفسەر ومسیۆنەرێکی رۆژئاوایی روو بکەنە ناوچەکە ،هاوکات لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئینگلیزەکانیشدا چەند فەرمانبەر وکاربەدەستێکی ئینگلیزی بە ئەرك وکاروباری ئیداری لە شاری کۆیە بمێننەوە ، ولە میانەی ئەو سەردان ومانەوەیەشیاندا زانیاری ورد لە بارەی ئەو شارەوە تۆمار بکەن ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش تائێستا لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە بارەی کۆیە ولایەنە جیاجیاکانی ئەم شارە لە روانگەی ئەم سەرچاوانەوە ئەنجام نەدراوە ، کە ئەم هۆکارەو هاوکات گرنگی ئەو سەرچاوانە وەك کەرەستەی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاجیاکانی شاری کۆیە وایان کردووە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام بدەین، بەو ئامانجەی تیشکێکی زانستییانە بخەینە سەر سود وگرنگی ئەو نووسینانە لە شارەزا بوون لە بارەی مێژووی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی ئەم شارە هەروەها توێژەرانی ئەم بوارەش بەو سەرچاوانە ئاشنا بکەین تا بتوانن لە توێژینەوە لە بارەی ئەم شارەوە سودیان لێ ببینن .

**کلیلە وشە:** گەڕیدە، ڕۆژهەڵات ناسی، وێناکردن، کۆمەڵگای کۆیە، مسیۆنێر

Abstract:

At the beginning of the 19th century a group of scholars, pioneers, diplomats and later foreign militants headed to the region where Koya is today and later collected and recorded their journeys in their journals and memoirs; a great deal of information about different aspects of life in the city was recorded as a result. These records are considered as vital sources for researchers and scholars who are interested in studying the city from different angles. This research is intended to analyze and study the information recorded in the aforementioned works about Koya. The first part of this study is an exploration of journeys that took place decades ago by pilgrims and scholarly travelers who headed to Koya and settled there during late 19th and early 20th century. Whereas, the second part of this paper is concerned with the geographical aspect of that city according to these sources mentioned above, the third part is a study of the political and historical aspect of Koya. The fourth and the last part of this research studies the economic and social aspects of Koya based on the information recorded in these sources.

**Keywords:** Koya, Scholars, Journeys, Pioneers, Orientalist

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen247

## 1. پێشەکی

**ئەو سەرچاوە بیانیانەی لە بارەی کۆیەوە نووسیویانە**

مێژووی ئاوەدانی لە ناوچەی کۆیە دەگە ڕێتەوە بۆ پێش زاین ، کە بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان ،کۆیە بەشێك بووە لە دەسەڵاتدارییەتی گۆتییەکان ، لە تەواوی سەردەمەکانی دواتریشدا ئاوەدانی لەم ناوچەیەدا هەبووە و کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتەکانی ئاشوری و میدی و ئەخمینی و ساسانی، لە دوای روخانی دەوڵەتی ساسانیشەوە وەك هەموو ناوچەکانی تری کوردستان ، بۆتە بەشێك لە دەوڵەتی ئیسلامی و لە چوارچێوەی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی ناوچەکدا بووە تا باڵادەست بوونی عوسمانییەکان بەسەر تەواوی باشوری کودستاندا،ئیدی کۆیەش لە گەڵ ناوچەکانی تری باشوری کوردستاندا کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان ولە رووی ئیدارییەوە کراوە بە سەنجەق[1] تا کۆتایي جەنگی جیهان یەکەم وهاتنی بریتانییەکان کۆیە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا ماوەتەوە ودواتریش کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی بریتانییەکان ولە دوای دامەزراندنی حکومەتی عیراقیش بۆتە بەشێك لە عیراقی تازە دامەزراو ( بڕوانە تەیب، 2008: 41 )، بە گشتی کۆیە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم یەکێك بووە لە شارە دیارەکانی کوردستان لە رووی سیاسی و بازرگانییەوە ، ئەمەش رۆڵی هەبووە لەوەی ،کە لەو ماوەیەدا چەند گەڕیدەو ئەفسەرومسیۆنەر و سیاسەتمەدارێکی بیانی روو لە ناوچەکە بکەن و لە نووسینەوەی سەربوردەی گەشتەکیان یان یاداشتکردنی مانەوەیان لە ناوچەکەدا ئاماژە بە کۆیە بکەن و زانیاری لە بارەی لایەنە جیاجیاکانی ژیانەوە لەو شارەدا تۆمار بکەن، هاوکات لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیشەوە دوای ئەوەی یاشوری کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان و دوای رێکخستنەوەی لایەنی کارگێڕی ناوچەکە ، چەند کاربەدەست وفەرمانبەر وئەفسەرێکی ئینگلیزی ئەرکیان لە کۆیە پێ سپێردراوە ، کە دواتر لە یاداشتنامە وبەرهەمەکانیاندا باسی چەند لایەنێکی شاری کۆیەیان کردووە .

ئەگەرچی لە سەرەتای سەدەی شازدەوە شەپۆلێکی فراوانی گەڕیدە بیانییەکان روویان لە ناوچەکانی رۆژهەڵات وبەتایبەتی سنوری هەردوو دەوڵەتی عوسمانی وسەفەوی کردووە ، کوردستانیش بەو پێیەی بەشێك بوو لەو دوو دەسەڵاتە ،بۆیە بەشێکیان بە ناوچەکانی کوردستانیشدا تێپەڕیون ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەو کاتەدا کەمتر گەڕیدەکان گەشتی تایبەتیان بۆ ناوچەکانی کوردستان ئەنجام داوە، بەڵکو زیاتر بایەخیان بە شارە گەورەکانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی وئێران داوە ، هەر بۆیە تەنها بەو شار وناوچە کوردیانەدا تێپەڕیون ، کە دەکەوتنە سەر رێگای گەشتەکانیان لە چوارچێوەی ئەو دوو دەوڵەتەدا ، ئەو رێگایەش لە باشوری کوردستان بەو جۆرە بوو ،کە لە ئەستەمبۆلەوە دەهاتنە باکوری کوردستان ، لەوێشەوە بۆ موسڵ دواتریش بەرەو هەولێر ولە هەولێریشەوە بۆ پردێ دوای ئەوەش دەچونە کەرکوك لەوێوە بۆ داقوق ودوزخورماتو وئێنگیجە وکفری و قەرەتەپە و بەرەو بەغدا(بۆ نمونە بڕوانە: جاکسون ،2000: 98-112) . روونە کە کۆیە نەدەکەوتە سەر ئەو رێگایە ، هەر بۆیە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەش کەمتر هەڵکەوتووە ،کە یەکێك لەو بیانیانە بە تایبەتی سەردانی کۆیەی کردبێت یان بە کۆیەدا تێپەڕیبێت، هەر ئەوەندە نەبێت ، کە گرنگی کۆیە وەك بنکەیەکی بازرگانی و کارگێری لەو ماوەیەدا (لونکریك ،1985: 194)، وای کردووە( کارستن نیبوور[2] - Carsten Niebuhr ) ،کە لە سەدەی هەژدەدا هاتۆتە عێراق و کوردستان ولە میانەی باسکردنی دەسەڵاتەکانی کوردستان وپەیوەندیان بە والی بەغداوە ، باسی کۆیە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات دووەمین پاشای کوردی، کە لە ژێر فەرمانڕەوايي بەغدایە و ساڵانە نرخی پاشایەتی خۆی دەنێرێت بۆ پاشای بەغدا لە کۆیسنجاخە ، دەڵێت کۆیە مەڵبەندێکی ناسراوە، کە ماوەی( 3 )رۆژ لە ئاربیلەوە دوورە ودوو رۆژ لە ئاڵتون کۆپری دوورە(نیبوور ،2013: 105 ).

لە سەرتای سەدەی نۆزدەوە دوای ئەوەی بەرژەوندی رۆژئاواییەکان لە ناوچەکەدا زیادی کرد و ململانێی رۆژئاواییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست توندتر بوو، ناوچەکانی کوردستانیش وەك بەشێکی گرنگی ناوچەکە بۆ رۆژئاواییەکان بایەخی زیاتر بوو، ،ژمارەی ئەو رۆژئاواییانەی دەهاتنە رۆژهەڵات ، بەتایبەتی لە رێگای وشکانییەوە ،دەچوونە هیندستان یان دەگەڕانەوە ، تا دەهات زیادی دەکرد ، کە هەروەك پێشتر باسکرا بەناوچەکانی کوردساتندا تێپەڕدەبوون ، ئیدی ژمارەی ئەوانەی دەهاتە کوردستانیش زیادی دەکرد هاوکات لە گەڵ ئەم زۆربوونی ژمارەیەدا رێژەی ئەوانەشی ،کە بە تایبەت رویان لە کوردستان دەکرد وگەڕانی تایبەتیان تێدا دەکرد روو لە زۆر بوون بوو،لێرەش بەدواوە بەشێك لەو رۆژئاواییانەی لە بەغداوە دەهاتنەوە بەرەو باکوری کوردستان لەوێشەوە دەچوونەوە بۆ ئەوروپا یان بە پێچەوانەوە لە ئەوروپاوە دەهاتن بەرەو بەغدا ، کاتێك دەگەیشتنە باشوری کوردستان سەردانی شاری سلێمانیان دەکرد وەك ناوەندێکی سیاسی بایەخدار لەو کاتەدا، کە پایتەختی میرنشینی بابان بوو ، لە دوای سەردانی سلێمانیش دەگەڕانەوە بۆ هەولێر ولەوێوە دەچونەوە بۆ باکوری کوردستان ولەوێوە بۆ ئەسەمبۆل ، کە هەندێك لەوانە بە رێگای کەرکوکەوە دەچوونەوە بۆ هەولێر ، بەڵام هەندێکی تریان بە رێگای کۆیەدا دەچوونەوە بۆ هەولێر ، بۆیە زۆربەی ئەوانەی بە کۆیەدا دەرۆیشتن لە یاداشتنامە و نووسینەکانیاندا باسی کۆیەیان کردووە وزانیاری زۆریان لە بارەی لایەنە جیاجیاکانی ژیان لەو ناوچەیەدا تۆمار کردووە .

لەساڵی ( 1817 )دا ئەفسەری سوپای بریتانی (ولیەم هیۆد- William Heude ) ، کە گەشتێکی کردووە لە مالابارەوە بۆ ئەستەمبۆل ،هاتۆتە بەغدا و لە وێشەوە هاتۆتە سلێمانی ، کە لە سلێمانییەوە دەچێت بۆ هەولێر بە سورداش ودوکاندا دەچێتە شاری کۆیە و دەڵێت:" لە رێڕەوێکی شاخاوی سەختەوە چوینە دۆڵێکەوە ،کە کۆیسنجەقی تیایە بەر لەوەی بگەینە ئەوێ پاشماوەی بینایەکی گەورەمان بینی"( هیود،2011: 179 ). دوای هیودیش (کلۆدیۆس جیمس ریچ – Claudius Games Rich ) ، کە موقیمی سیاسی بریتانیا بووە لە بەغدا ، لەو گەشتەیدا ،کە لە ساڵی (1820 )دا بە کوردستاندا کردوویەتی ، لەدوای ئەوەی چۆتە سلێمانی و ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە ، لەوێیەوە هاتۆتەوە کۆیە ،بە پێی زانیارییەکانی مونشی بەغدادی[3] بێت ، کە لەو گەشتەدا هاوەڵی ریچ بووە لە سلێمانییەوە بە رێگای بازیان وتەیناڵەوە چونەتەوە بۆ کۆیە و دەڵێت :" رێگای سلێمانی بۆ کۆیسنجەق ،لە سلێمانیەوە بۆ بازیان حەوت فەرسەخە نێوان میلێك بۆ دوو میل دێیەك هەیە ، رێگاکە بە



Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen247

چیای تاسلوجەدا تێدەپەڕێ دواتر دوو چیای دیکە لە سەر ڕێگان بازیان وتەیناڵ لە بازیانەوە بۆ خەرابە حەوت فەرسەخە بە چیای خەتیبادا تێدەپەڕێت، خەرابە دێیەکی بچوکە نزیکەی پەنجا ماڵێك دەبێت و لە خەرابەوە تا کۆیە چوار فەرسەخ دەشتاییە" (بەغدادی،2014: 61 -62 ).

( ژاك ڕێتۆرێ -Rhétoré Jacque )، مسیۆنەری فەرەنسی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لە موسڵەوە هاتۆتە هەولێر ، لەو گەشتەیدا کە ساڵی (1878 )لە هەولێرەوە بۆ کەرکوك وسلێمانی کردوویەتی دوای گەڕانەوە لە سلێمانییەوە، بە ڕێگای کۆیەدا گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر ، ئەو ڕۆژی (19)ی تەموز سلێمانی بەجێدێڵێت و بە ڕێگای ئاغجەلەردا دەڕوات و لەزێ دەپەڕێتەوە دوای تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر، کە لە گەشتنامەکەیدا باسیکردووە لە( 22 )ی تموز دەگاتە کۆیە (ڕێتۆرێ،2008: 42- 46 ) .

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو وسەرەتای سەدەی بیستەمیشدا (مارك سایکس- Mark Sykes )ی سیاسەتمەداری بریتانی لە گەشتێکدا ،کە بۆ ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامی داوە ودواتر لە( 1904 )بە ناونیشانی (دار الاسلام) هوە بڵاویکردۆتەوە بە هەمان شێوە هاتۆتە سلێمانی و لە سلێمانییەوە چۆتە سەردەشت ولە وێوە گەڕاوەتەوە دوکان ولە دوکانەوە چۆتە کۆیە ودەڵێت:" ڕێگای نێوان کۆیە وسلێمانی 7 سەعاتە وڕێگایەکی چێژبەخشە بە نێو چیاکاندا تا کۆیە"(sykes,1904: 212 ).

جگە لەو گەڕیدانەی هاتونەتە کۆیە هاوکات هەر لە سەدەی نۆزدەدا ،جوگرافیناسی فەرەنسی کێنێ ڤیتاڵ،کە لە لایەن حکومەتی فەرەنسییەوە راسپێردراوە زانیاری لە سەر دەوڵتی عوسمانی کۆبکاتەوە ولە( 1890-1895 )دا( 4 )بەرگی لە سەر دەوڵەتی عوسمانی بڵاوکردۆتەوە ،لەوکارەیدا زانیاری زۆری لە سەر کوردستان تۆمارکردووە ، بەشێکیش لەو زانیارییانە دەربارەی شاری کۆیەن هەروەها لەو فەرهەنگەشدا کە (س. موستراس ) بە ناونیشانی فەرهەنگی جوگرافی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە نووسیویەتی باسی شاری کۆیە کراوە (س.موستراس ،2002: 436 )، هاوکات لە یەکەم قاموسی عوسمانیشدا بە ناوی قاموسئەعلامی شەمسەدن سامییەوە باسی کۆیە کراوە .

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دوای ئەوەی باشوری کوردستان کەوتە ژێر کۆنترۆڵی بریتانییەکان ودەستیان کرد بە دارشتنەوەی سیستەمی کارگێڕی ناوچەکە، کۆیەش وەکو ناوچەکانی تر لە لایەن چەند فەرمانبەرێکی بریتانییەوە بەڕێوەبرا وهێزێکی سەر بە ئەوان هاتە ناوچەکە ، کە مەسعود محەمەد لە گەشتی ژیانمدا ئاماژە بەوە دەکات لەو ماوەیەدا ئەفسەرە بیانییەکان سەردانی کۆیەیان کردووە وهاوکات باسی ئەوەش دەکات، کە ماوەیەك فەرمانبەرانی بریتانی لە کۆیە بوون ودەڵێت:"کابرایەکی سوورکاڵی شەپقە لە سەری ئەژنۆ رووت بە برق وباقی نیشانەی سەر شان وسینگییەوە دوو سەرینیان بۆ دانابوو لە سەر یەکدی لی جیاتی کورسی دانیشتبوو ... دیارە کاربەدەستی ئەوسای ئینگلیز بووە رەنگە بە سەفەر و سەردان هاتبێتە کۆێ چونکە ئەو دەمانەم وەبیرنایەن کە ئینگلیزەکان لە کۆێ فەرمانبەر بوون " (محەمەد،2016 : 146).

والاس لیۆن ،یەکێك بوو لەوانەی ،کە لە ساڵی 1918 تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم ، لە ئیدارە ی بریتانیەکان بووە لە عێراق. لیۆن ئەوکاتەی بەرپرسیارییەتی لە کوردستان وەگرتووە، کۆیە بەشێك بووە لەو ناوچەنەی ، کە لە ژێر دەسەڵاتیدا بووە ، کە دواتر بەشێك لەو ڕۆژانەی لە کۆیە بووە یاداشت دەکات (لیون، 2010: 155) هەروەها ( دەبلیو ئار هەی- W.R.Hay)، کە لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە گەڵ سوپای بریتانی بووە ،دوای جەنگ چەندین ئەرکی کارگێڕی لە کوردستان پێ سپێردراوە ، لەوانە یاریدەدەری حاکمی سیاسی مەندەلی و حاکمی سیاسی هەولێر و لە کانوونی یەکەمی 1918 ش هاتۆتە کۆیە، ئەو دەڵێت :"لە کۆیە بەردەوام بروسکە دەهات تا حاکمی سیاسی بۆ بچێت، حاکمە تورکەکە نەخۆش بوو ودەسەڵاتێکی وای نەبو حاڵەتەکەش تا دەهات شڵەژاوتر دەبوو لە بەغداوە فرمانم بۆ هات بچمە ئەوێ بەڵام من دواکەوتم دواتر لە رۆژی( 12) ی کانونی یەکەمدا بروسکەیەك لە کۆیەوە هات، باسی ئەوەی ،کە هۆزی پیران هێرشیان کردۆتە سەر کۆیە و تاڵان وبڕۆی تێدا دەکەن ،بۆیە بروسکەم بۆ بەغدا کرد داوام کرد هەر ئێستا بچمە کۆیە لە سەعات یەکدا نامەم پێگەیشت ڕێگای دا بچم و هەموو دەسڵاتێکی پێدابووم تا چارەسەری پشێوییەکە بکەم و سەعات دەی رۆژی دواتر بە ڕێکەوتم ، ئەو دەڵێت لە ڕێگا بووین نامەیەکم لە حەمەئاغاوە بۆ هات ،نامەیەکم بۆ نووسیەوە و وەك حاکمی شار قسەم لە گەڵدا کرد و پێم راگەیاند رۆژی دواتر لەگەڵ گەرد وگوڵی بەیانی دەگەمە کۆیە"(هەی،2010: 124-125 ) .

رووداوەکانی ساڵی ( 1922 ) و هێرشی تورکەکان بە سەرکردایەتی ئۆزدەمیر (عەلی شەفیق )بۆ سەر بریتانییەکان لە شەڕی دەربەندی رانییەدا و شکستی بریتانییەکان وپاشەکشە کردنیان لە ناوچەکانی بیتوێن وکۆیە وای کردووە زۆر لە ئەفسەرەکانی بریتانیا بچنە کۆیە ، یان بە هێزەکانیانەوە بەوێدا تێپەڕین بۆ نموونە ئەو هێزەی، کە بۆ سەر پشدەر هاتبوو لە (29 )ی تەموزی( 1922 )، دوای ئەوەی لە ئەرکەکەی سەر کەوتو نەبوو بە سەرکردایەتی عەقید منیت دواتر لە مانگی ئابدا بە کۆیەدا کشاوەتەوە بۆ سلێمانی هەروەها ئەو هێزەی کە کریم فەتاح بەگیان لە گەڵدا بوو هەر بە کۆیەدا رۆیشتن بۆ رەواندوز لە مانگی ئابدا، ئەمە جگە لەوەی ئەو کات سریەیەك لە گەڵ پەنجا سواری( لیڤی)[4] لە ناو کۆیە جێگیر کرابوون (براون،2006: 96-97). هەر لەو کاتەدا ( سیسڵ جۆن ئەدموندس – C.J Edmonds) دێتە کۆیە و لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە لەگەڵ بابکر ئاغا دوو شەو لە کۆیە ماونەتوە و لەوەی ، کە نەیتوانیوە بەڵێنی گرتنەوەی کۆتوپڕی رانیەی پێبدات بابکر نیگەران بووە (ئەدمۆنس،2004: 375).

لەدوای دامەزراندنی هێزی لیڤی لە عێراق ، لە ناوچەکانی کوردستانیش ئەم هێزە دامەزرا ، لە ساڵی 1925 دا لە پێکهاتەی لیڤی لە کوردستان سریەیەك هەبوو تایبەت بە کۆیە کە لە گەڵ ئەوەی چەمچەماڵدا سەر بە فەوجی لیڤی ئاسوری دوو بوون، ئەمە جگە لەوەی، کە لە ماوەی ساڵانی( 1926 -1927) بەردەوام هەندێك لە هێزی لیڤی لە کۆیە هەبوون و لە کاتی پێویستدا بەرەو ناوچەکانی تر جوڵەیان پێکراوە (براون،2006: 157-169 ).

لە پاڵ ئەوانەدا، کە باسکران هاوکات لۆنگریك لە کتێبی چوار سەدە لە مێژووی نوێی عێراقدا بە هۆی پێگەی گرنگی شاری کۆیە لە سەردەمی هەردوو میرنشینی بابان وسۆراندا لە چەند شوێنێك باسی کۆیەی کردووە .

بە شێوەیەکی گشتی هەر یەك لەو بەرهەم وگەشتنامە وبیرەوەریانەی لای سەرەوە ئاماژەیان پێکرا ، کۆمەڵێك زانیاری ورد وگرنك لە سەر بەشێك لە مێژوو و ژیانی ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسی کۆیە لە خۆدەگرن، کە جگە لە روونکردنەوەی دۆخی کۆیە لە سەرجەم لایەنەکانەوە لەو ماوەیەدا هاوکات کەرەستەیەکی مێژوویی گرنگن بۆ بە دەستهێنانی زانیاری دەرباری تەواوی لایەنەکانی مێژووی ئەو شارە لەو ماوەیەدا

## 2. جوگرافیای کۆیە لە روانگەی ئەو بەرهەمانەوە

زۆر جار گەڕیدە و بیانییەکان لە کاتی تۆمارکردنی گەشتنامەکانیان یان نووسینەوە لە بارەی شوێنێکەوە پێگە و هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و سروشت وئاووهەوای و ئاماری دانیشتوان وپێکهاتەی ئەتنۆگرافی،ئەو ناوچەیە سەرنجیان رادەکێشێت وبایەخی پێدەدەن و زانیاری لە بارەیانەوە تۆمار دەکەن بەم کارەشیان ، لایەنی جوگرافی ئەوناوچەیە لەو ماوە مێژووییەدا دەخەنەروو و زانیاری جوگرافی لەسەر ناوچەکە دەخەنە بەر دەست ، کە لەم رووەو بەشێك لەوانەی هاتونەتە شاری کۆیە یان لە بارەی ئەم شارەوە نووسیوویانە زانیاریان لە بارەی چەند لایەنێکی جوگرافی شارەکە تۆمارکردووە ،کە دەکرێت لە روونکردنەوی هەندێك لایەنی جوگرافییانەی ئەوکاتەی شاری کۆیەدا گرنگی خۆیان هەبێت و لە بواری توێژینەوەی جوگرافی وجوگرافیای مێژوویدا بە سود بن.

لە بارەی شوێنی جوگرافی شارەکەو پێگەی ئیدارییەوە لە زانیارییەکانی ئەو بەرهەمانە واباسکراوە ، کە لەو ماوەیەدا کۆیسنجاق یان کۆیە شارێکی تورکیایی ئاسیاوی بووە ، سەر بە ویلایەتی بەغدا وشارەزور و لە لیوای کەرکوك ،لە سەر زێی بچوك هەڵکەوتووە (س. موستراس ،2002: 436)، بە دووری ( 70) کیلۆ مەتر ،کەوتۆتە باکوری کەرکوکەوە (سامی، 2010: 287 )و لە رۆژهەڵاتی پێدەشتەکانی ئەربیل دایە ،هاوکات لەو سەرچاوانەدا هاتووە ،کە کۆیە قەزایە و کۆیسنجاق ناوەندی قەزاکەیە و لە( 1) ناحیە و( 252) گوند پێکهاتووە (دەباغ،2004 : 130؛سامی ،2010: 287 )،هەروەها بە پێی ئەو زانیارییانەی لەو سەرچاوانەدا هاتووە شاری کۆیە نشینگەی رەسمی قایمقام ودەسەڵاتدارانی بەڕێوەبەرایەتی قەزاکەبووە و شارۆچکەیەکی بچوك بووە ، کە کەوتۆتە ئەوپەڕی پێدەشتێکی جوان ولە دامێنی کۆشکێکی بەرزدا بووە (ڤیتاڵ ،2014: 104 ) ، لە باشورەوە بە کەرکوك،لە رۆژئاواوە بە ئەربیل ولە باکورەوە بە قەزای رەواندوز ،لە رۆژهەلاتیشەوە بەلیوای سلێمانی دەورەدراوە(دەباغ،2004 : 131 ؛سامی ،2010: 287).

لە بارەی تۆبۆگرافیای کۆیەوە( دەبلیو .ئاڕ . هەی ) دەڵێت: شارێکی پێکداچووە دەکەوێتە نێو دۆڵێکەوە نزیکەی( 1800) پێ لە ئاستی دەریاوە بەرزە لە لای رۆژهەڵات و باکورەوە گرد وچیا دەوریان داوە، کە بەرزییەکەیان( 3000) پێ زیاتر دەبێت، ئەو دەشتە بچوکەی شارەکەی تێدایە لە لایەکانی ترەوە زەوییەکی پڕ لە بەردی تەمۆخی دەورەی داوە (هەی،2010: 130). ولیەم هیودیش لە بارەی چیاکانی کۆیەوە باسی ئەوە دەکات کە زنجیرە چیایەکی بەرز هەیە وئەو چیایە بە کۆیە تەواو دەبێت ئەو دەڵێت دەتوانین چەند تێبینییەك بخەینە روو لەوانە 1- ئاراستەی گشتی لە رێگای( کفری –کچان) هوە بە بەردەوامی لە بەرزبوونەوە دایە و چەند دۆڵ وبەرزاییەك دەبڕێت بۆ ماوەی( 58) میل و بە رەو ئاراستەی باکوری رۆژهەڵات دەڕوات2- لە نێوان کچان ودۆڵان بە زنجیرە چیایەکی گەورەدا تێدەپەڕیت ، کە دادەبەزێتەوە بۆ کۆیە لە باکورەوە بۆ باشور درێژ دەبێتەوە و بۆ رۆژئاواش3- رێگاکە بە شێوەیەکی گشتی لە دۆڵانەوە دادەبەزێت تا دۆڵی سلێمانی دواتریش بەرەو باکور ئاراستە دەگرێت بۆ رێڕەوێك کە دەچێتە کۆیە دواتریش بەرەو رۆژئاوا دەسۆڕێتەوە تا دەگاتە هەولێر رێگای راستەوخۆی نێوان موسڵ وبەغدا 4- رێگاکە لە سلێمانییەوە بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە لوتکەی کۆیە بە هەمان مەودای کە لە دۆڵانەوە دادەبەزێت (هیود،2011: 180).

سەبارەت بە ئاووهەوای کۆیە هەرچەندە باس لەوە کراوە ،کە ئاووهەوای دەرەوەی شارەکە سازگارە ،بەڵام بەشێکی ئەو زانیاریانەی لەو سەرچاوانەدا هاتوون ئاماژە بەوە دەکەن ،کە ئاووهەوای ناوشارەکە تەندروست نییە ودەبێتە هۆی نەخۆشی، بۆ نموونە ڤیتال دەڵێت : ئاووهەوای ئەم شارو دەوروبەری زۆر تادارە و ئاووهەوای لە هاوێندا زۆر ساغ نییە ،لە دەوروبەری شارەکە هەندێك باخچەی تارادەیەك سەوزهەیە و ئاووهەوای بە گشتی ساردە ،بەڵام پاکە ،جگە لە ناو شارەکە نەبێت (ڤیتاڵ ،2014: 106 ) ،دەبلیو ئاڕ هەییش ، گوتویەتی ، کۆیە ئاشکرا بوو، کە لە هاویندا تەندروست نییە هەمو ئەفسەرەکان توشی تا دەبوون (هەی،2010: 181 ) ، کە ئەم زانیارییە لە سەرچاوە عوسمانییەکانیشدا هاتووە و گوتوویانە ئاووهەواکەی زۆر تەندروست نییە وکار لە تەندروستی دەکات(دەباغ،2004 : 130؛سامی ،2010: 287 ).

رەشەبای کۆیە یەکێکی ترە لەو لایەنە جوگرافیانەی ، کە لەو سەرچاوانەدا باسکراوە ، لەم رووەوە ریچ ،کە باسی رەشەبای سلێمانی دەکات ئاماژە بەوە دەکات ،کە ئەم دیاردەیە لە کۆیەش هەیە ودەڵێت کۆیە کەوتۆتە دۆڵێکی تەنگەوە وبە روالەت لە سلێمانی دەچێت (ریچ،2002: 145 )، هەروەها والاس لیۆنیش:" دەڵێت شاری کۆیە تارادەیەك لە سلێمانی دەچێت بەڵام بچوکترە ،کە لای پاڵی باشوری رۆژئاوای چیاکەوە دروستکرابوو و بایەکی بە هێزی پێدا دێت کە کورد پێی دەڵێت رەشە با " (لیون، 2010: 226)هەر لەم رووەشەو دەبلیو ئاڕهەی دەڵێت :" رەشە باش بە توندی هەڵیدەکرد هەمو شەو ورۆژێك ولە هەمو مانگەکانی هاویندا ئیدی ژیانی لەو شارە تاڵ کردبوو" (هەی،2010: 181 ).

لە بارەی خاکی کۆیەوەش لە قاموسئەعلامدا هاتووە و دەڵێت :" هەموی وەك یەك نییە زێی بچوك لە ناوەڕاستەوە لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەرەو باشوری خۆراوا دەیکات بە دوو لەتەوە لە دوولاوە، ئاوێکی زۆر و شیوی لێیە"(سامی ، 2010: 287 ).

جگە لە لایەنی سروشتی هاوکات لەو بەرهەمانە زانیاری لە بارەی جوگرافیای مرۆیی ودانیشتوان و رێژەی دانیشتوان وپێکهاتەی ئیتنی شارەکەش خراونەتە روو، بۆ نموونە رێتۆرێ لەم رووەوە دەڵێت ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی( 10000) دەبوون لەوانە( 30) بنەماڵە مەسیحی و (30) بنەماڵەش یەهود بوون(رێتۆرێ،2008: 47)، هەروەها ڤیتال دەڵێت دانیشتوانی قەزاکە بە وردی( 10000) کەسە، ( 9640 )موسڵمان ، (300 ) کریستیانی کلدانی و( 6 )جو (ڤیتاڵ ،2014: 104 )، لە سەرچاوە عوسمانییەکانیشدا بەوجۆرە هاتووە ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بە گشتی( 18000 )کەسە، کە ( 17440) یان موسڵمان و( 500) یان کلدان و(60) یش جوە ،ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکەش 10000 کەسە (دەباغ،2004 : 130؛سامی ،2010: 287 )، لە م بارەشەوە دەبلیو ئاڕ هەی دەڵێت: کە شەڕ کۆتایی هات ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە( 10000 )کەسەوە بووبوون بە ( 4000 ) کەس ( هەی،2010: 130 )، هەرچەندە رەنگە ئەم زانیاریانە ورد ودروست نەبن و بریتی نەبن لە ئامارێکی زانستیانە ، بەڵکوتەنها خەمڵاندن بن بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ، دەکرێت بە نزیکەیی وێنەیەك دەربارەی رێژەی دانیشتوانی شارەکە بدەن بە دەستەوە ، کە لە رێگایانەوە دەردەکەوێت ، ژمارەی دانیشتوانی کۆیە لە سەدەی نۆزدەدا نزیکەی( 10000 )دە هەزار کەس بووە ،ئەم رێژەیەش بۆ ئەوکاتە وبە تایبەتیش لە کوردستاندا دەریدەخات ، کە کۆیە لە ئاستی شارە گەورەکانی ئەوکاتەی کوردستاندا بووە، لەلایەکی تریشەوە، ئەوەی کە هەی باسی دەکات رادەی کاریگەرییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بەسەر شارەکەوە دەردەخات ،کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانەکەی لە ناوچوون، بە دیوێکی تریشدا ئەوانەی لەم رووەوە لەو سەرچاوانەدا تۆمارکراون هەنگاوێکی گرنگ بوون، بۆ ئەوکات وبە سەرتا هەوڵەکانی ئاماری دانیشتوان لە

شارەکە دادەنرێت هاوکات دەکرێت سەرچاوەیکی گرنگ بن بۆ بەراورد کردن لەنێوان ئەو کات وسەردەمەکانی دواتردا لەم بارەیەوە .

## 3. مێژووی شاری کۆیە ورەوشی سیاسی لەو بەرهەمانەدا

مێژووی شاری کۆیە وقسەکردن لە سەر رەوشی سیاسی شارەکە دوو لایەنی ترن، کە لەو سەرچاوانەدا ئاماژەیان پێکراوە و زانیارییان لە بارەوە تۆمارکراوە ، کە هەندێکیان زانیاری مێژوویین وەك بابەتی مێژوویی لەو نووسینانەدا تاوتێکراون، بەڵام بەشێکی تریان گێڕانەوەی رەوشی سیاسی شارەکەو کێشمەکێش وململانێکانە لەو کاتەدا،کە ئەمجۆرە کارەیان جگە لە خستنە رووی رەوشی سیاسی وکێشەو ململانێکانی شارەکە هاوکات زانیارییەکانیان بوون بە کەرەستەیەکی مێژوویی گرنگ لە بارەی مێژووی شارەکەوە وسەرچاوەی رەسەنی ئەو رووداوانەن و وردەکاری وا لە خۆدەگرن کە لە سەرچاوەکانی تردا بەردەست نین .

لە رووی کارە مێژووییەکانەوە لۆنگریك لە کتێبی چوار سەدە لە مێژووی نوێی عیراقدا باس لە هەندێك جومگەی مێژووی ئەو شارە دەکات بە تایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی میرنشینەکان لە کوردستان ولە چوارچێوەی ململانێی هەردوو میرنشینی بابان وسۆراندا ، هاوکات لە ململانێیی نێوخۆیی میرانی باباندا . بۆنموونە کاتێك قسە لە سەر رەوشی سیاسی کوردستان دەکات لە سەردەمی میرایەتیدا دەڵێت کۆیە وحەریر ورەواندوز لە نێوان هەردوو زێدا بوون هەموی دەوڵەتۆکەی قایم وخاوەن قەڵا بوون(لونگریك ،1985 : 19).

لە بارەی بایەخی کۆیەشەوە لەوکاتەدا لۆنگریك گوتویەتی لە دوای دەرکەوتنی هەردوو میرنشینی بابان وسۆرانەوە کۆیە بنکەیەکی بازرگانی و کارگێری گرنگ بووە و پاشاکانی هەردوولا شەڕیان لەسەر کردووە و زۆر جاریش کۆیە سەربەخۆیی خۆی راگەیاندوو تا ساڵی 1730(لونکریك ،1985: 194)،لە کۆتاییدا کۆیە کەوتە ژێر دەسەڵاتی بابانییەکان هەرچەندە ناوە ناوە حاکمە سۆرانییەکانی بەڕێوەیان دەبرد بە هاوکاری پاشاکانی بەغداوە (لونگریك ،1985 : 250 ) ، هەر لەم بارەشەوە ریچ هەمان راستی دووپات دەکاتەوە، کە لە باسی بنەماڵەی سۆراندا دەڵێت دەسەڵاتیان لە کۆیە بووە وبنەماڵەی فەرمانڕەوای کۆیەش بەشێك بوون لەو بنەماڵەیە بەڵام دواتر لە کۆیە دەرکراون وحوکمی ناوچەکە کەوتۆتە دەستی بابانییەکان (ریچ،2002: 153).

لۆنگرێك باسی ئەوە دەکات کە لە 1650 دا خان ئەحمەد خان هاتە سەر حوکمی سنە بەو پێیەی سەر بە شای ئێران بوو کەوتە وێزەی ئەو هۆزانەی سەر بە تورك بوون وهێرشی کردە سەر هۆزەکانی ناوچەی موکری وبڵباس ودواتر د هستی بەسەر رەواندوز وئامێدیدا گرت ودواتریش کۆیە و حەریر (لونگریك ،1985 : 64) ، لە لایەکی ترەوە دەڵێت کۆیە لە سەدەی هەژدەدا سەربەخۆییەکی وەکو بەگەکانی خۆی لە رەواندوز هەبوو(لونگریك ،1985 : 124 )، واتا هەمان ئەو سەربەخۆییەی کە میرانی سۆران هەیانبووە ،وەك میرنشین لەو کاتەدا لە کۆیەش هەبووە ،کە ئەمە لە لایەن هەندێکی تر لەو سەرچاوە بیانیانەوە باسکراوە و پشت راستی ئەو سەربەخۆییەی کۆیە دەکەن و ئەوەش دەسەلمێنن کە لە هەندێك کاتدا کۆیە ناوەندی میرایەتی بووە ، بۆ نموونە نیبوور ، کە هەر لە سەدەی هەژدەدا لە عێراق بووە دەڵێت :" بەڵام دووەمین پاشای کوردی، کە لە ژێر فەرمانڕەوایی بەغدایە و جزیە یان باشتر بڵێم ساڵانە نرخی پاشایەتی خۆی دەنێرێت بۆ پاشای بەغدا لە کۆی سنجاغ "(نیبوور،2013: 105 )، هەروەها (جۆن ماکدۆناڵ کینێر- John Macdonald Kinneir )ی بریتانیش کە لە 1813دا بە ڕێگای هەولێردا تێپەڕیوە لە باسی کۆیەدا گوتویەتی دووازدە فەرسەخ لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئاڵتون کۆپری ،کۆیسنجەقە ، کە چەند ساڵێکی زۆر جێی پاشایەتی بووە (Kinneir ,1813:300)، ریچیش کاتێك باسی فارس ئاغای دزەیی دەکات لە ناوچەی قوشتەپە باسی ئەوە دەکات ،کە کاتی خۆی لە ژێر دەسەڵاتی کۆیە بووە، بەڵام دواتر والی بەغدا جیایی کردۆتەوە ، هەمان ئەو زانیاریە پشت راست دەکاتەوە، کە کۆیە ناوەندی میرایەتی سەربەخۆ بووە (ریچ، 2002 :306 ).

لە شوێنێکی تردا لۆنگرێك ،کە باسی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە دەکات ، ئەوە رووندەکاتەوە لەو ماوەیەدا کۆیە لە ژێر دەسەڵاتی بابانەکاندا بووە ودەڵێت هەردوو ئەیالەتی کرکوك وموسڵ لێکدران ،حەسەن پاشای بۆ دانرا ئەم حەسەن پاشایا هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی ئێران ولەو هێرشەشدا پشت بە هەردوو برای بابانی محەمەد لە قەڵاچۆلان وئەحمەد لە کۆیە دەبەستێت(لونگریك ،1985 : 220 )، لە دوای ئەوەش جارێکی تر باسی ئەم دەست ودەستکردنی کۆیە دەکات لە نێوان بابان وسۆران لە 1778 بە دواوە (لونگریك ،1985 : 249 ).

لە لایەکی ترەوە لۆنگریك باسی کۆیە دەکات لە چوارچێوەی ململانێکانی نێوخۆیی بنەماڵەی باباندا ، لە نێوان مەحمود پاشا وعەبدوڵا پاشادا، کە دەڵێت کێشەی نێوانیان بە دابەشکرنی ناوچکە بەو جۆرەی ،کە سلێمانی بۆ محمود وکۆیە بۆ عەبدوڵڵا بێت کۆتایی هات (لونگریك ،1985 : 297) ،دواتریش ئەوە دەخاتە روو ، کە جاری کۆتایی سەردەمی عبدولرەحمان پاشای بابان دەسەڵاتی گەیشتۆتەوە کۆیە ودوای ساڵێك مردووە لە دا 1813، دواتریش لە سەردەمی مەحمود پاشادا کۆیە هەر لە ژێر دەستی بابانەکاندا بووە ، کە ریچیش هەمان راستی پشت راست دەکاتەوە ،کە باسی ئەوە دەکات لەو کاتەدا ئەو لە سلێمانی بووە مەحمود پاشا زۆری لە عوسمان پاشای برای کردووە بچێتە کۆیە وبەزۆر ناردویەتی (ریچ، 2002 :284-285 )، ئەمەش ئەوە رووندەکاتەوە کە کۆیە لە میرنشینی بابانیدا پێگەی لە پێگەی سلێمانییەوە نزیك بووە .

لۆنگریك ئەوەی باس کردووە ، کە پاشای گەورە واتا میر محەمەدی سۆران، کۆیەی لە ژێر دەستی بابانییەکان دەرکرد(لونگریك ،1985 : 343 )،کە ئەمە لە لایەن مسعود محەمەدیشەوە دووپات کراوەتەوە و لە زاری باوکییەوە دەڵێت لە سەردەمی پاشای گەورەی سۆراندا کۆیە لە ژێر دەسەڵاتی سۆراندا بووە بەوەی ،کەدەڵێت حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی باپیرم بە خەتی خۆی نووسیوویەتی دەڵێت، کە باوکم مرد لە 1246 ك پاشای رەواندوز زۆر رێزی لێنام و لە شوێنی باوکمی دانامەوە (محەمەد،2010: 34 )، .

بەگشتی لە میانەی خستنە رووی ئەو زانیارییانەی لای سەرەوەدا دەردەکەوێت ،کە کۆیە لە سەردەمی عوسمانیدا وبە تایبەتی دوای دەرکەوتنی میرنشینە کوردییەکان رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە ،هاوکات زۆر جار بۆتە مایەی کێشە لە نێوان هەردوو میرنشینی بابان وسۆران و لە نێوانیادا ئەم دەست ودەستی کردووە هاوکات ناوە ناوە سەربەخۆش بووە تایبەت لە سەدەی هەژدەدا.

لایەنێکی تر، کە لەو سەرچاوانەدا بەر دیدە دەکەوێت گێڕانەوەی دۆخی سیاسی وکێشەو ململانێکانی کۆیەیە لە لایەن ئەو بیانیانەوە ،کە هاتوونەتە ناوچەکە، بەمەش جگە لە خستنە رووی رەوشی سیاسی وکێشەو ململانێکانی شارەکە هاوکات زانیارییەکانیان دەبن بە کەرەستەیەکی مێژوویی گرنگ لە بارەی مێژووی شارەکە ، کە سەرچاوەی رەسەنی ئەو رووداوانەن و وردەکاری وا لە خۆدەگرن ،کە لە سەرچاوەکانی تردا زۆر بە کەمی ئاماژەیان پێکراوە .

یەکێك لە گرنگترین ئەو سەرچاوانە لە بارەی گێڕانەوەی دۆخی سیاسی و کێشمەکێشەکانی شاری کۆیە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا، کتێبەکەی( دەبلیو ئاڕ هەی)ە، هەی هەروەك پێشتر باسکر لە ساڵی 1918 دا وەك حاكمی سیاسی بریتانییەكان روو لە کۆیە دەکات ، کە بەوردی هەر لە سەرەتای بەڕێکەوتنییەوە بۆ کۆیە تا گەیشتنی ودواتر سەربوردەی بەشی هەرە زۆری رووداوەکانی ئەو سەردەمە دەگێڕێتەوە ،کە دەکرێت بۆ تێگەیشتن لە رەوشی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری ئەو کاتەی کۆیە یەکێك بێت لە سەرچاوە زۆر گرنگەکان و هاوکات وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی رەسەن لەم بارەیەوە سود بەخش بێت،چونکە ئەو لە بەشی هەرە زۆری ئەو رووداو ودیاردە و رەوشە ئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسیانەی کە تۆماری کردوون خۆی ئاگادار بووە ولە هەندێکیشیاندا رەگەزی بەشدار بووە، ئەمە لە کاتێکدا ،کە لە هەڵەو کەم وکوڕیش بەدەر نییە،ئەویش زیاتر لە بەر ئەوەی هەی وەك فەرمانبەرێکی بریتانی مامەڵەی لە گەڵ رووداوەکاندا کردووە و لە زۆر شوێنی نووسنەکەیدا ئەمە بە روونی دەرەکەوێت ، ئەمەش وادەکات هەندێك جار بێ لایەنی خۆی لە دەستبدات ، ئەمە جگە لەوەی لە نووسینەکەیدا دەردەکەوێت ، پێشتر زانیارییەکی وردی دەربارەی شاری کۆیە ومێژووی کۆیە نەبووبێت ، هەروەها ئەوەش دەردەکەوێت ، کە زۆر جار زانیارییەکانی لە یەك سەرچاوە یان لە یەك کەسەوە وەرگرتوە بێ ئەوەی بە دواداچوون بۆ زانیارییەکە بکات . بە هەر حاڵ ئەو وەك بەشێك لە سەربوردەی ژیانی خۆی ئەم کارەی نووسیوەو گێڕانەوەی ماوەی پیادەکردنی ئەرکێکی سیاسی بووە،نەك توێژینەوەیەکی زانستی یان بابەتێك ،کە ئەکادیمییەك نووسیبێتییەوە ، بۆیە لە کەموکوڕی بەدەرنابێت،بەڵام هەموو ئەوانەش، لە بایەخ وگرنگی ئەو کارە وەك سەرچاوەیەکی گرنگ و رەسەنی بەشێکی زۆر لە مێژووی ئەوکاتەی شاری کۆیە کەم ناکەنەوە .

مەسعود محەمەد لە بارەی کتێبەکەی هەی یەوە دەڵێت: کتێبێکی بە بایەخە بۆ زانینی تێکڕای باری سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی و ئاوەدانی کۆیە وئەو شوێنانەی دیکەی کوردستان وعێراق کە پەیوەندی پێیانەوە هەبووە لەو ساڵانەی تێدا بەرپرسی ئەو هەرێمانە بووە ، کە وەك خۆی دەڵێت دووسال دەگرێتەوە بایخدارییەکەی لەوە دێت کەوا باسی وا دەگرێتەوە، کە خۆی تێیاندا شایەد بووە لە لایەن حەمەئاغاشەوە [5]بەوەدا پتر بایەخ پەیدا دەکات، کە لەو ماوەیەدا بەرحەیات بووە ، های لەو هەڵەو کەموکوڕییە فیکرییەی، کە لە ئاست هەندێ باری کۆمەڵایەتی یان ئاكار ورەفتاری کەسانی ئەو سەردەمە دووچارییان بووە ،لە دوو لایەنی جوداوە سەیر دەکرێت ، لایەنێکیان ئەوەیە کە ئەگەر خۆیشی بە زار نەڵێت لە راوێژی نووسینەکەو دیارە ، هەندێ بیروباوەڕی بەرانبەر رووداو یاخود کەسان ،لە خەڵقی ناوچەکە وەرگرتوون ، ئیتر ئەو خەڵکە بە پێی دڵ ودەروونی خۆی شتی بۆ باس کردووە و ئەویش لە نووسیندا دەریداوەتەوە ، لایەنێکی دیکە ئەوەیە کەوا تجربەی خۆی لە رووداو و لە مامەڵکردن لە گەڵ خەڵقدا دەگێڕتەوە ، ئەم لایەنەیان پتر جێی متمانەیە ، چونکە هەر نەبێ مەیل وئارەزووی حەسوود وناحەزی ئەو سەردەمە دەستی نەبووە لە دارشتنی نووسینەکە و راگەیاندنەکانی ... خۆ ئەگەر بگتورێ کابرا لە هەموو حاڵانداهەر نوێنەری داگیرکەربووە لە بەر ئەمەگوێ نادرێتە قسە وبیروڕای ،لە وڵامدا دەڵێم ئە تێوەرێخە قسەکەم بەرپەچ ناداتەوە ئەویش لە دوو خاڵەوە ، یەکێکیان ئەوەیە کە گەلێك خەبەر و رووداوی راست وبێگومان لەو کتێبەدا هەیە ئیتر داگیرکەرە یان شتێکی دیکەیە کار ناکاتە سەر راستییەکەی بێ گومان ، خاڵی دووەم ئەوەیە چەندێکی داگیرکەرش بێت دیسانەوە فەرق دەمینێ لە نێوان هەڵەیەکی خۆی کردبێتی لە گەڵ هەڵەیەکی خەڵق بۆی نابێتەوە ، یاخود با بڵێم ، ئەو هەڵەیەی خەڵق بۆی ناوەتەوە دەبێتە عەیبێکی تازەدەخرێتە سەر ئەو لایەنەی کە کابرا داگیر کەرە (محەمەد،2010: 80).راستیەکەی بۆچوونەکانی مەسعود محەمەد لە بارەی ئەم کتێبەوە ،بە تایبەتی کاتێك بە شێوەیەکی گشتی قسەی لە سەر دەکات رەنگە تارادەیەکی زۆر دروست بێت وبۆ بەرهەمی بەشێکی زۆری گەڕیدەکان گونجاوبێت ، بەڵام لە گەڵ ئەوشدا ئەوی لە بارەی حەمەئاغای کۆیەوەیە،کە دواتر باس دەکرێت ، تارادەیەك هەست بەوە دەکرێت، مەسعود محەمەد هەوڵ بدات ئەوە بسەلمێنێن کە ناحەزەکانی حەمائاغا، ئەویان بەهەڵەدا بردووە ،بەو پاساوەی ویستوویانە بە هەی بڵێن ئەو بە تەمەنە بۆ قایمقامی ناشێت ، بەڵام لە راستیدا ئەم پاساوەش تا رادەیەك جێی هەڵوەستەیە ، چونکە ئەگەرچی لێکدانەوەکەی مەسعود محەمەد لە بارەی تەمەنی حەمەئاغاوە رەنگە لەوەی هەی دروستتربێت ، بەڵام مەرج نییە پاساوی هەڵەکە ئەوە بێت کە مەسعود محەمەد باسی دەکات ،چونکە هەروەك مەسعود محەمەد بۆ خۆی دەڵێت ئەوکات حەمەئاغا خۆی لە ژیاندا بووە ، بۆیە زۆر ئاسایی بووە کە پرسیار لە خودی خۆیشی بکات لە بارەی تەمەنییەوە ، دواتر خۆ دەکرا تەنها پرسیاری لە ناحەزانی نەکردبێت ولە کەساتی نزیك لە خۆیشی کردبێت،ئەمە جگە لەوەی ،کە لە میانەی نووسینەکانی هەی لەم بارەوە کە دواتر باس دەکرێن دەردەکەوێت کە ئەو نەکەوتۆتە ژێر باری ئەو قسانەی کە بۆی کراوە ، بۆیە رەنگە هەڵەکە لە شوێنێکی ترەوە بێت نەك ئەوەی ئەو باسی دەکات. دەبلیو ئاڕ هەی لەم کتێبەدا زۆر بابەتی لە بارەی رەوشی سیاسی و کێشەکانی ئەو کاتەی کۆیەوە باسکردووە ، لەوانە شەڕی نێوان غەفوری وحەوێزی ، کە گرنگترین وبایەخدارترین گرێژنەی ئەو باسەی بووە ، ئەو دەڵێت:" بە درێژایی چەند سەدەیەك دوو دەستەی دوژمنكار و رکابەر شارەکەیان ماندوو کردبوو ئەوانیش بنەماڵەی غەفوری وحەوێزی، کە زۆربەی گوندەکانی دەرەوەی شارەکە موڵکی ئەوان بوون" ، ودەڵێت سەرۆکی غەفورییەکان حەمەئاغا بوو پێیان وتم تەمەنی گەیشتۆتە( 130 ) بەڵام توانای عەقڵی لە دەس نەدابوو ، لە بەر ئەوەی رێزی ئەو لە ناو خەڵکی دا زیاتر بوو ، بۆیە مێجەر نوێل پێشنیاری کرد بە حاکم هەڵی بژێرم، حەوێزییەکان هەرچەند لە غەفورییەکان لاوازتربوون بەڵام شانازیان دەکرد، کە پیاوی لێهاتویان هەیە لە ناویشیان دا عەبدوڵا ئاغا ، هەر لێرەشەوە دەچێتە سەر خستنە رووی هەڵوێستی بریتانییەکان وتورکەکان لە شارەکە و باسی ئەوە دەکات ، کە ئەوان وەك بریتانییەکان ویستوویانە حەمەئاغای غەفوری ببێتە قایمقام، بەڵام تورکەکان بە لای عەبدوڵا ئاغای حەوێزیدا دەشکانەوە، کە بۆ چەند ساڵێك دەسەڵاتی تەواوی لە شارەکە هەبوو ، ئەو دەڵێت :"هەر ئەوەندەی دەسەڵاتی تورکەکان لاواز بوو دوای ئاگربەست غەفورییەکان بە هەلیان زانی بۆ خۆ سەلماندن ئەوە بوو هانی سواراغای سەرۆکی عەشیرەتی پیرانیان دا ،کە تاڵان وبڕۆ بکات و موڵك وماڵی عەبدوڵا ئاغای کردبوە ئامانج و دواتریش خودی شاری کۆیە، ئەوە بوو دەستەیەك لە پیاوانی بڵباس گەمارۆی ماڵی عەبدوڵا ئاغایان دا و یەکێك لە کوڕەکانی بە سەختی بریندار بوو بەڵام حەمەئاغا دۆخەکەی هێور کردەوە " (هەی،2010: 125).لە راستێدا ئەمە یەکێك بووە لەو کێشانەی کە زۆر دەمێك بووە لە کۆیە هەبووە تەنانەت ڤیتاڵیش لە سەدەی نۆزدەدا ئەم دیاردەیە باس دەکات و دەڵێت لە کۆیە کوردەکان زۆرینەن وبەسەر چەند هۆزێکدا دابەشبوون، کە هەر یەکیان لە لایەن سەرۆکێکەوە سەرکردایەتی دەکرێن ولە شەڕی بەردەوامدا بوون (ڤیتاڵ،2014: 105)هەروەها مەسعوود محەمەدیش ئاماژە بەوە دەکات ، کە زۆر لە مێژدا ئەم کێشەیە هەبووە (محەمەد،2010: 28-29) وتەنانەت باسی ئەوەدەکات کە لە بیرەوەری ئەویشدا ئەو شەڕە هەر هەبووە و دەڵێت

دیمەنێکی نا پەسەندی ئەو دەمانەی ،کە جاریَ نەگەیشتبوومە تەمەنی خوێندن ،دواتریش بۆ ماوەیەکی بە مەودا بەردەوام بوو مەشقەڵی ئاگری خەرمانان بوو ،کە لە زۆر شەوانی هاویندا دەشتی کۆیەی دەکردە چراخان . دوژمنایەتی لە کۆنینەی نێوان حەویزی وغەفوری (محەمەد،2016 : 169 ).

هەی کە باسی هاتنی خۆی بۆ کۆیە دەگێرێتەوە دەڵێت ،کە بەر لەوەی بگاتە کۆیە ژمارەیەك سوار لە پێشوازیدا بوون لە وانە عەبدوڵا ئاغا، لێرەشەوە وەسفی هەڵویستی ئەوان دەکات ودەڵێت هەموان دموچاویان کەسکون بوو بۆ تۆڵە سەندنەوە. یەکەم کەس، کە بەخێری هێنام عەبدوڵا ئاغا بوو، بەڵام من یەکسەر پرسیاری حەمە ئاغام کرد ئەو زۆر توڕە بوو هەولَی دا بە لایەکی ترەوە خەریکم بکات (هەی،2010: 126).

دوای گێڕانەوەی ڕێورەسمی پێشوازی لێکردنی لە لایەن پیاوماقوڵانی کۆیەوە هەی باسی ئەوە دەکات ، براوەتە ماڵێك، کە حەمەئاغا بۆی ئامادە کردبووە ، دوای پێشکەشکردنی خوانێکی نایابی نیوەڕۆ، دوای نیوەڕۆی، بۆ بینینی خەڵکانی پایەدار بەسەربردووە ، ئەو دەڵێت : "کۆمەڵە کێشەیەکی زۆرم لە بەردەمدا بوو، کە گرنگترینیان سوڵحی نێوان غەفوری وحەویزی بوو لە گەڵ رێکخستنی دەسەڵات لە شارەکە بە شێوەیەك بۆ هەردوولا گونجاو بێت دواتریش وەرگرتنی قەرەبوو لە سوارئاغای پیرانی بەرانبەر بەو زیانانەی بە عەبدولاَئاغای گەیاندبو ، من بریارم دابوو حەمەئاغا ببێتە حاکمی شارۆچکەکە، بۆیە پێویست بوو پۆستەکانی دیکە بە جۆرێك دابەش بکرێن گونجاوییەك لە نێوان دەستە رکابەرەکان دابین بکات" (هەی،2010: 130 )،من وام دەبینی حەمەئاغا بکرێتە حاکم و عەبدوڵا ئاغا بکرێتە یارمەتیدەری ، هەرچۆنێك بێت حەمەئاغا رکابەرە ناحەزەکەی رەتکردەوە لە جیاتی ئەو پێشنیاری جەمیل ئاغای کرد بەوە رازیبووم وخەریك بوو فەرمانی ئەو دامەزراندنە دەرکەم هەواڵێك بلاوبۆوە کەوا کەریم ئاغای برازای عەبدوڵا ئاغا یەکێك لە گوندەکانی حەمەئاغای سوتاندوە، کە توتنێکی بە نرخی تێدا بووە، بەمەش سوڵحەکە قورستر بوو و نەدەکرا ئەگەر فشارێکی توند نەخرابا سەر هەردولابۆیە بە خەیاڵمدا هات کە ئاژاوەگێڕترینیان بگرم ورەوانەی سلێمانی بکەم (هەی،2010: 133 -134).

لایەنێکی تر کە هەی ئاماژەی پێداوە بریتییە لە راگەیاندنی حکومەتەکەی شێخ مەحمود لە لایەن مێجەر نوێلەوە ،لەم رووەشەو ئاماژە بەوە دەکات ،کە کۆیش خراوتە پاڵ ئەو حکومەتە ولەم میانەیشدا کێشەی هاتنی نوێنەری شێخ مەحمود بۆ کۆیە وپرسی یەکلاکردنەوەی قایمقامی کۆیە دەگێرێتەوە ودەڵێت :" ئێوارەیەك لە سەرابووم نێردراوێك هات و وتی ئەفسەرێك ودەستەیەك سەرباز خەریکە دێنە ناو شار بۆ ئامادەکردنی شوێنێك بۆ شێخ عوسمان، کە لالەیەن شێخ مەحمودەوە کراوەتە قایمقامی کۆیە. بەر لە چەند رۆژێك میجەر نوێل سەردانی سلێمانی کردبوو شێخ مەحمودی بە حوکمداری کوردسان دانابوو کۆیسنجەقی خستبوە سەر ویلایەتەکەی ، بەلام نوێل پێی وتبووم ئەوە کاری منە کەسێك بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێرم ، ئەمە سەخڵەتی کردم بە تایبەتی من ئەو پۆستەم دابووە حەمەئاغا . زیاد لەوە من تووشی تەنگژەی تر ببومەوە ، لەگەڵ ئەوەی هێڵی تەلگراف کراوە بوو بەڵام کارمەندەکان خەڵکی ولأت بوون لە بەر ئەوە هەر نامەیەکی دەمنارد دوای چەند کات ژمێرێك دەبوە هەواڵێکی بەربڵاو" (هەی،2010: 131 ).

هەی لە درێژەی ئەو باسەدا ،دەڵێت: " شێخ عوسمان لەگەڵ شێخ عەبدوڵای ئامۆزای وکۆنە ئەفسەرێکی تورکدا ، کە ناوی رەشید ئەفەندی بوو گەیشتنە جێ ". دواتریش باس لە کەسایەتی شێخ عوسمان دەکات و بە پیاوێکی نەبەرد وسالار و خاوەن سروشتێکی بێ وەی وخولقێکی نەرم ونیان ناوی دەبات و دەڵێت:" پیاوێکی گرگل ولاواز بوو بەلاَم لەش ولاری زۆر جوان بوو ، سەرەرای بەژن وبالاَی من کەسێکی دیکەم نەبینیوە شکۆدار ومەزن وەك شێخ عوسمان ، لە هەموو کارکاروبارەکان لە گەڵ مندا راسکۆ بوو ئەو لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێکی زۆر ئارەزویان بوو بەڵام ئەو نیازێکی نەبوو ببێتە قایمقام ،لە بارەی شێخ عەبدوڵای ئامۆزاشییەوە دەڵێت پیاوێکی رۆشنبیرتر وبەهێزتر بوو ئەو هەموو تەونەکانی چنیبوو بۆ لابردنی حەمەئاغا ودانانی کەسێك لە بنەماڵەی شێخەکان لەو پۆستەدا لە مەشدا رەشید ئەفەندی فێڵباز یارمەتی دابوو ئەو کەسەی، کە هەمو ژیانی خۆی لە بەندکردنی جولەکەکان ومەسیحییەکان بەسەر دەبرد وپارەی لێبەردەدانەوە " (هەی،2010: 132 ).

لە بارەی ئەم هاتنەی نوێنەری شێخ مەحمودەوە هەی باس لەو هەڵویستە دەکات کە ئەوی تێکەوتوە و دەڵێت :" کەوتمە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە و گفتوگۆیەکی دوورودرێژم لەگەڵ حەمەئاغاکرد ،کارەکانم وا رێکخست ،کە دەسەلاتی ئەو لە ئێستادا بوەستێندرێت دواتر داوام لە شێخ عوسمان کرد وەك نوێنەری تایبەتی شیخ مەحمود حوکمی شارۆچکەکە پیادە بکات واتە بەو مانایەی هاتوە ئەو تۆڵەیەی لە نێوان غەفوری وحەویزی بەرپابوە یەکلا بکاتەوە ، کە ئەمەشی کرد ئیدی بڕواتەوە . هاوکات ئەوش باس دەکات ،کە کەس لە کۆیە بەبینینی شێخەکان دڵخۆش نەبوو تۆڵەیەك کە ماوەیەکی دوردرێژە لە نێوان حەمەئاغا وبنەماڵەی سلێمانی هەبوو" (هەی،2010: 132 ).

هەر لە میانەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەوکاتەی شاری کۆیەوە هەی باسی ئەوە دەکات، کە لە دوای ئەوەی بڕیاری دا کێشەی نێوان حەویزی وغەفورییەکان بە دەستگیرکردنی دووان لە ناودارترینیان و رەوانکردنیان بۆ سلێمانی چارەسەر بکات هەوڵی داوە ئەم پرسە لە گەڵ شێخەکان واتا نوێنەرەکانی شێخ مەحموددا چارەسەر بکات ولەم بارەوە دەڵێت :بەیانی رۆژی( 20)ی مانگ پلانەکەم بە شێخەکان راگەیاند وئەوانیش پێی دڵخۆش بوون چونکە بە دڵی ئەوان بوو لە بەر ئەوەی بوونی دوو بارمتە لە سلێمانی دەسەلاتی شێخ مەحمودی لە سلێمانی زۆر زیاتر دەکرد ، ئەوان پەیمانی گرتنەکەیان دا تەنیا داوای ئەویان کرد کە دوای خۆرئاوابوون بە 3- 4 سەعات بچمە ماڵەکەیان ، ئیدی باسی ئەوە دەکات، کە چۆتە ماڵەکیان ،لەویَ محەمەد ئەمین غەفوری ،کە گەورەترین برازای حەمەئاغای کۆیە بوو و کەریم ئاغا کە برازای عەبدوڵا ئاغا دەستگیر دەکەن ورەوانەی سلێمانی دەکرێن و دەڵێت تا بەیانی کەس نەیزانی ئەو دوو ئاغایە دورخراونەتەوە خەڵك وایاندەزانی چوونەتە کەرکوك(هەی،2010: 133- 134 ).

ئەم بابەتی دەستبەسەر کردن و روانەکردنەی ئاغاکان بۆ سلێمانی لە لایەن مەسعوود محەمەدیشەوە ئاماژەی پێکراوە وباسی ئەوە دەکات، کە هەرچەندە لەو کاتەدا بەربەرەکانی لە نێوان حەمەئاغا و نوێنەری شێخ هەبووە لە سەر قایمقامییەتی کۆیە بەڵام دۆستایەتی ئەوانی تێك نەداوە وکاتێك حەمە ئاغا داوای لە شێخ کردووە برازاکەی بنێرێتەوە داواکاریەکەی جێبەجێکردووە (محەمەد،2010: 80 -81)

هەی لەم رووەوە باس لە هەڵوێستی حەمەئاغا دەکات کە چۆن بە تورەییەوە پرسیاری برازاکەی کردووە ( هەی،2010: 134 )، دواتریش دەڵێت :رفاندنی ئەو دوو پیاوە بارەکەی تەواو گۆری ئیدی هەردوولا ئامادە بوون رێك بکەون هەموو شەرمەزارییەکەش بەسەر هەردوو شێخەکەدا شکایەوە، کە بە گشتیش لای خەڵکی خۆشەویست نەبوون لە سەر ئەوەش لە بەرێوەبەرایەتییەکەی من کۆرێك بۆ هەموو سەرانی خەڵکەکە بەستراو وتارێکم بۆ دان دواتر بەرەو ماڵی حەمە ئاغا بەرێکەوتین لەویَ هەموو رازی بوون حەمە ئاغا ببێتە حاکم وجەمیل ئاغاش یارمەتیدەری. پێم راگەیاندن کە راگەیاندنێك بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکەن و واژۆی بکەن تا مێجەر

نوێل تەماشای بکات ئەویش رۆژی دواتر گەیشت وبە دامەزراندنی ئەو دوو پیاوە رازر بوو (هەی،2010: 134).

لە لایەکی ترەوە هەر لە میانەی گێڕانەوەی دۆخی کۆیە لەو کاتەدا هەی زانیاری لە بارەی ژیان وکەسایەتی چەند ناودارێکی کۆیە تۆمار کردووە، بۆ نموونە لە بارەی حەمەئاغای کۆیەوە دەڵێت:" ئەو نمونەی پیاوێکی بە سۆزە ،بەردەوام ئەو قلیانەی دەکێشا، کە درێژییەکەی دوو پێ دەبوو یان زیاتر و باسکەکەی نەخشێندرا بوو ، قومقومەکەی لە بەردی رەش دروستکرابوو ، کورتە بنەیەکی ناوشان پان بوو ئەگەر تەمەنەکەی لەبەرچاو بگرین لە گەڵ هێزە جەستەییەکەیدا ئەو پیاوێکی نایابی خاوەن تەندروستی باش بوو دەڵێن بە درێژایی ژیانی تەنانەت لە ساردترین رۆژەکانیشدا ئاوی گەرمی بۆ خۆشوشتن و دەستنوێژ بەکار نەهێناوە تەمەنی راستەقینەی ئەو لە نێوان( 95 تا 100 )ساڵ دەبێت( 60 )ساڵ دەبێت ئەو سەرۆکایەتی خانەوادەکەی دەکات و ڕێی ژیانیشی پڕ لە چەرمەسەری وکێشە بووە ، ئەو کاتەی بیر دێت کێشە لە نێوان پاشایانی رەواندوزو سلیمانی دروست بووە وهەردەمەی یەکێکیان کۆیەیان خستۆتە ژێر رکێفی خۆیان" ، لە راستیدا مەسعود محەممەد لە بارەی تەمەنی حەمە ئاغاوە ئەو بۆچوونەی هەی رەتدەکاتەوە و دەڵێت های دەڵێت حەمە ئاغا( 115) ساڵ تەمەنی رابواردوە وقسەکەش هی ساڵی( 1920 )دەشلێ بەر لە( 80) ساڵ حەمە ئاغا لە دەربەند بووە بەو پێیە دەبێت 1840 بووبێت کە دەوەستێتە بەرامبەر( 1255-1256) وەك لە پێشەوە باسم کرد حەمە ئاغا لە دەورو بەری ئەو ساڵەدا هاتۆتە دونیا ئیتر چون وەها رێك کەوت های ئەو هەڵەی وا زل بکات ؟ های قسەی لە گیرفانی خۆی دەرناهێنێ هەڵبەت لە کۆیییانی بیستووە جا بۆچی کۆیی( 20 )ساڵ پتر بەر حەمە ئاغاوە بنێن کە هەمو باخەبرانی کۆیە دەیانزانی لەو ساڵەدا( 1920 )هەشتا و ئەوندە ساڵەیە ، ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی وایان لە هەی گەیاندووە مەبەستیان بووە بڵێن کە حەمە ئاغا بەو تەمەنەوە ناتوانێت قایمقامی بکات ، دەڵێت مەرجیش نییە ئەوەی وای کردبێت بۆ خۆی مەبەستی بووبێت ببێتە قایمقام بەس رەنگە یەکێك بووبێت لەوانەی حەزیان لە ناریکی و کێشە بۆ خەڵکی نانەوە بووبێت یان حەسادەتی بێ ئامانج بووبێت و حەمەئاغا لە( 2-8-1920 )کۆچی دوایی کرد کە ئەو کات جەمیلا ئاغا معاونی بووە ئەو قایمقام (محەممەد،2010: 81-82 )، لە راستیدا هەی نەیگووتوە حەمە ئاغا( 115) ساڵ بووە بەڵکو ئەو دەڵێت پێیان گوتم( 130 )ساڵ دەبێت ، بەڵام دواتر وەك باسمانکردووە دەڵێت حەمە ئاغا لە نێوان (95 بۆ 100) ساڵ دەبوو ، کە ئەمەش تارادەیەك ئەوە دەسەلمێنێت ، نەکەوتبێتە ژێر باری قسەی ئەو کەسانەی وایان پێڕاگەیاندووە ، بەڵکو خەملاندنی خۆی بۆ کردووە .

لایەنێکی تری رەوشی شاری کۆیە، کە هەی لە درێژەی باسکەیدا دەربارەی حەمەئاغا زانیاری لە بارەوە باس دەکات کێشەکانی ئەو سەردەمەی نێوان هۆزەکانی کۆیە وهۆزەکانی دەوروبەرییەتی و دەڵێت حەمەئاغا لە گەڵ هۆزەکانی دەوروبەری شەڕی زۆری کردووە هەمەوەندەکان( 4 )جار هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی وئەویش هانای بۆ شێخ بزێنییەکان بردووە دوای سەرکەوتنیشی شێخ بزێنییەکانی دەرکردووە ، ئەو نزیکەی( 50) گوندی لە ناوچەکانی دەوروبەری کۆیە هەیە وبنچینەی سیاسەتەکەشی ئەوەیە، کە نەهێڵێت عەشیرەتەکان هێرشی بکەنە سەر ، سەبارەت بە ژیانی خێزانی حەمەئاغاش دەڵێت هەمیشە نائومێدییەکی هەبوو چونکە مندالەکانی هەموی بە بچوکی مردبوون تا گەیشتبوە 90 ساڵی وەملایەك پێی گوتبوو خوا کوڕێکی دەداتێ و دەبێت ناوی بنێت (موحەمە زیاد )و دەبێت دوای لە دایکبوون لە کۆیە دووربخرێتەوە و هەرگیز لە کۆیە نەژیت ، ئەو دەڵێت :کە ئێمە گەیشتینە کۆیە ئەو نزیکەی هەشت ساڵان دەبوو لە گوندێکی دووری کۆیە دەژیا(هەی،2010: 127 ) ، کە لەم بارەیەشەوە مەسعود محمەد دوای خستنە رووی قسەکانی هەی دەیەوێت ئەوە بەڵێت ئەو روداوە وابووە وئەو مەلایەش ناوی مەلا ئەحمەد بووە، کە بە مامۆستا کۆرە بە ناوبانگ بووە ، باسی ئەوە دەکات کە حەمە ئاغا هەموو راسپاردەکانی مەلای بە جێهێناوە و ناوی کوڕەکەی ناوە حەمەزیاد و لە لای شوانکارەو لە لادێ بە خێو کراوە (محمەد،2010: 66-67).

هەی لە بارەی حەمە ئاغاوە دڵێت پیاوێکی دەمودۆ خۆش و خۆش مەعشەر بوو هەموو بێهێزییەکانی بە سالآچوونی پێوە دیار بوو ئەو شەیدای ئەوە بوو چیرۆکەکانی سەردەمانی رابووردوی بگێڕێتەوە و ئەگەرنا لە کاتی قسەکردندا خەو دەیبردەوە ، خەندەیەکی نەرمی لە سەر لێوان بوو ئەو هەرچەند لێبوردە بوو پیاوێکی رەزیل نەبوو، بەڵام پیاوێکی لامل بووە و بەرامبەر بە خزمەکانی زۆر جدار وبێحەوسەڵە بووە و لە دوژمنەکانی نەبوردوە و کۆنە قینی وای هێناوەتەوە گۆڕێ ،کە ساڵانێکی بەسەردا تێپەڕیوە خۆشەویستی و رق وکینەی تایبەتی خۆی کاریگەرییەکی گەورەیان لە سەر رەفتاری هەبووە (هەی،2010: 128).

سەبارەت بە عەبدولآئاغای حەویزیش هەی دەڵێت:" پیاوێکی لاوازی تۆزێك کۆم بوو نزیکەی( 65 )ساڵ دەبوو دەموچاوێکی رەنگ بواردوی هەبوو، کە ساڵان کاری خۆیان لەسەر کردبوو ، برۆکانی چڕبوون وبە بۆیەیەکی رەش بۆیە کرابون هەمیشە روخسارێکی تورەی هەبوو بە تایبەت، کە جلی ئەوروپی لە بەر دەکرد ئەو لە پیلانگێڕیدا بالا بوو ئەوکاتەی من گەیشتم هێشتا لە پۆستی سەرۆکی شارەوانی بوو، بەڵام زۆربەی خەڵکەکە رقیان لێ بوو خزمەکانی خۆی چارەیان نەدەویست، بەڵام بە توانا عەقڵییەکانی سەرسام بوون لەمەشدا زۆری بەسەر حەمە ئاغاوە بوو"(هەی،2010: 128 ). .

لە بارەی جەمیل ئاغاشەوە دەڵێت کوڕە مامی عەبدولا ئاغای حەویزی بوو، کە بە راستی پیاو یکی لە باربوو ئەو لای حەمە ئاغا گەورە بوو بوو، دواتریش کچی مامی ئەوی هێنابوو ، بۆیە پەیوەندی بە هەردوو بنەماڵەکەوە هەبوو ، پایەشی لەو نێوەندەدا ئەوەبوو،کە هەمیشە هەوڵی گونجانی دەدا ، وەك کوردێك ،کەمن دیومە ئەو لە پیاوە هەرە راستگۆ و ئەمینەکان بوو ئەو نمونەی لە خواترسی بوو ئەو دەمارگیر نەبوو بەوەناسرابوو، کە پشتیوانی جوەکانە کە لە گەڕەکی ئەو دادەنیشن وجوەکان وەك مەسیحییەکان هەندێکیان وەك جوتیار لە زەوییەکانی ئەودا کاریان دەکرد لە سەرەتای لاویدا وەك سەرۆکی شارەوانی شارەکە کاری کردبوو بۆ ماوەی( 4 )ساڵ تاکە کەس بوو ئەو پۆستەی بۆ بەرژەوەندی شارۆچکەکەی نەك خۆی بە کارهێنابوو و ئەو پیاوێکی قیت وقۆز بوو دوو برۆی بارێکی هەبوو بە لام لە گەڵ ئەوەشدا دەموچاوێکی لاوازی هەبوو لە پشێویدا قوربانی بە هەمو شت دەدا لە پێناو ئارام بوونەوە ودووبرای هەبوو ن جەلال وجەلیل دوو پیاوی زیرەك بوون (هەی،2010: 129).

یەکێکی تر لەو لایەنانەی هەی ئاماژەی پێکردووە لاوازی ونەمانی دەسەڵاتی تورکە لە ناوچەکە وهەڵوێستی قایمقامە کۆنەکەی تورکە بەرامبەر بە کۆیە و دەڵێت: دوای نیوەرۆ سەردانی قایمقامە تورکەکەی پێشترم کرد کە بە نەخۆشییەکی کوشندە لە جێدا کەوتبوو زۆر بەزەییم پێهاتەوە ، لەو بارە خراپەدا بوو لەنێو خەڵکانیکدا کە هیچ ریز لە یاسا نانێن ، دوای گفتوگۆ بە مەسەلەی پیران کۆتاییمان هێنا ئەو دەم هەناسەیەکی هەڵکێشاو وگوتی :"کاتێك حکومەت بەهێزە ئەو خەڵکانە وەك مەڕی کپیان لێ دێت ، بەڵام هەر هێندەی حکومەت لاوازبێت لەو کاتەدا وەستاو لە ناو جێگاکەیدا بازیدا و هاواری کرد : ئەوان وەك شێر دەنەڕێنن" (هەی،2010: 132 ).

لە کۆتاییشداباسی ئەوە دەکات دوای ئەو نەقیب بێڵ وەك یارمەتیدەری حاکمی سیاسی شوێنی گرتۆتەوە، کە تا ئایار لەو پۆستە ماوەتەوە دواتریش ئەو گواستراوەتەوە بۆ ڕەواندوزو نەقیب رندڵ یارمەتیدەرەکی شوێنی گرتەوە (هەی،2010: 180 ).

بابەتێکی تر ،کە لە بارەی ڕەوشی سیاسی شاری کۆیەوە ،هەی باسی کردووە هەڵوێستی ئاغاکانی کۆیەیە بەرامبەر بە حکومەتی بریتانی لە کاتی جوڵانەوەکەی شێخ مەحمووددا ، لەم بارەوە باسی ئەوە دەکات کە لەو کاتەدا شڵەژان دروست بوو یارمەتی دەری حاکمی سیاسی دابڕاوە ونەیتوانی کارەکانی لە ئەستۆ بگرێت حەمە ئاغا ئەوکات هەڵوێستی سەرکەوتوانەی هەبوو هەر هێندەی بیستی پیاو ماقوڵان خەریکن کۆبوونەوەیەك بکەن بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخەکە هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە هێز بەکاردێنێت بۆ بڵاوە پێکردنی کۆبونەوەیەکی ئەوها و گوتیشی پێویست بە کۆبوونەوەی واناکات، بەڵکو پێویستە پشتی حکومەت بگیرێت دەسەڵاتی ئەو کارەکانی بە باشی ڕێکخست ، بەڵام باسی هەڵوێستی نارونی عەبدوڵا ئاغا دەکات لەم بارەیەوە و دەڵێت :" عەبدوڵا ئاغا ڕۆڵێکی تەڵەکەبازانەی بە کارهێنا و ویستی لە یەك کاتدا لە هەردوو بەرە بێت، بەڵام یاریدەدەری حاکمی سیاسی تەوانەکەی ئاشکرا کرد وبۆ ساڵێك دوورخرایەوە بۆ بەغدا،هەروەها دەڵێت : میرانی قادر بەگیش چەند نامەیەکی لە شێخ مەحمودەوە پێگەیشت بەڵام بە لایەنگری حکومەت مایەوە" ( هەی،2010: 181 ).

جگە لە هەی هاوکات والاس لیۆن یەکێکی تر بووە لەو ئەفسەرە بریتانیانەی لە کۆیە بەرپرسیارییەتی هەبووە ولە کاتی تۆمارکردنی سەربوردەی ژیانی خۆی لە ناوچەکەدا، چەند زانیارییەکی لە بارەی کۆیەوە تۆمار کردوە،لەوانە باسی ئەوە دەکات ،کە سریەیەکی هێزی لیڤی لێ بووە وئەو و ئەفسەرێکی تر لە کۆیە ماونەتەوە بۆ ئەوەی بە ناودارانی ناوچەکەیان بناسێنن و ئەو دەگێڕێتەوە لەو کاتدا نوقتەیەی بە هێز لە حامییەدا هەبووە ، کە نوسخەیەکی قورئانی تێدا بووە و لە سەردەمی عوسمانییەکاندا وەك مزگەوت بە کارهاتوو و دەڵێت :ناوچەکە باوەڕییان وابووە کە شەبەحی ئیمام یان ڕۆحی پیاوی ئاینی تێدایە بەڵام ئێمە چەند جار لەوێ هەڵماندا هیچمان نەبینی ،ئەوەش باس دەکات کە شەوێك یەکێك لە پاسەوانەکان شوێنی خۆی بە جێهێشتوە وگوتویەتی سێبەری ئیمام بینیوە ،بەڵام ئەوان جەڵدیان لێ داوە ودوای ئەوە ئیدی کەس ئەو سێبەرەی نەبینیوەتەوە (لیون، 2010: 196).

هەروەها لیۆن باسی هەڵوێستی ئاغاکانی کۆیە بەرامبەر بە بریتانییەکان دەکات و دەڵێت : "پیاو ماقولانی کۆیە زۆر لە گەڵ ئێمە باش بوون هەرچەند لە ناوخۆیان دوژمن بوون، ئەوەبوو لە( 1920 )هاوکاری ئەفسەرە بریتانیەکان بوون لە دەربازبوون و بەر لەوە بە چەند مانگێك هاوکاری من بوون لە وەدەر نانی چەکدارە تورکەکان"(لیون، 2010: 226) ، هەروەها دەڵێت :ئێستا جمیل ئاغای حەوێزی حاکمیانە ، خەڵکی ناوچەکە زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە مەندوبی سامی کردبوو و مەندوبیش لە بەرچاوی گرتووە (لیون، 2010: 226).

## 4. بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆیە لە روانگەی ئەو بەرهەمانەوە

لایەنی ئابووری یەکێکی ترە لەو بوارانەی ،کە دەکرێت لە ڕێگای تۆماری ئەو سەرچاوانەدا زانیاری لە بارەوە بەدەست بێت،زانیارییەکانی ئەو سەرچاوانە لە زۆر جومگەی ژیانی ئابوورییەوە بەرچاو روونی ببەخشن ، لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەو بیانیانە کاتێك دەچنە ناوچەیەك ، زانیاری لە بارەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان و رووەکی سروشتی و بازاڕ و بازرگانی و دۆخی ژیانی خەڵکی ئەو ناۆچەیە دەخەنە روو، کە پێیدا تێپەڕدەبن یان لێی دەمێننەوە . لە بارەی شاری کۆیەشەوە بە هەمان شێوە لەو سەرچاوانەدا ئاماژە بە چەند لایەنێکی ژیانی ئابووری ئەو شارە کراوە ، کە هەرچەندە پچڕپچڕن ، بەڵام دەکرێت بەسەریەکەوە وێنەیەکی ڕەوشی ئابووری ناوچەکە بدەن بەدەستەوە ، هاوکات بە جیاجیاش سەرچاوەی ڕەسن بن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەندێك جومگەی مێژووی ئابووری وکۆمەڵایەتی ناوچەکە، بۆ نموونە لۆنگریك ئاماژەی بەوە داوە ،کە لە دوای دەرکەوتنی هەردوو میرنشینی بابان وسۆرانەوە کۆیە بنکەیەکی بازرگانی و کارگێری گرنگ بووە(لونکریك ،1985: 194)، هەر لەم رووەشەوە ولیەم هیود، کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا هاتۆتە کۆیە دەڵێت: بازاڕی کۆیە بازاڕێکی گەورەیە وپڕە لە کاڵا (هیود،2011: 180)، هاوکات لە سەرچاوە عوسمانییەکانیشدا ئاماژە بەوە کراوە ،کە( 340) دووکان و( 3) گەرماو و( 1 )فرن و( 8) ئاش لە شاری کۆیەدا هەبووە (سامی ،2010: 278 )،ئەمانەش ئەوە دەسەلمێنین، کە کۆیە لە سەردەمی میرنشینەکانەوە وەك شارێك ناوەندێکی بازرگانی بەرچاو بووە و بازاڕێکی گەورەشی هەبووە، کە قسەکانی مونشی بەغدادیش ، کە سێ ساڵ دوای هیود هاتۆتە کۆیە هەر ئەوە پشت ڕاست دەکات ،کە دەڵێت : توتن و گەنم ورەز ومیوەکانی زۆرە (بەغدادی،2014: 55)، روونیشە ، کە توتن بەروبوومێکی بازگانییە ، ئەمەش گرنگی کۆیە وەك ناوەندی بازرگانی دەردەخات ، ئەویشی زیاتر ئەو راستییە دوویات دەکاتەوە ئەوەیە ،کە ئەم ڕەوشە تاهاتنی ئینگلیزەکانیش هەر بەردەوام بووە و لە کاتی هاتنی ئەوانیشدا کۆیە هەر ناوەندی بازرگانی توتن بووە ،ئەوەتا لیۆن دەڵێت :"کۆیە ناوەندی توتنە ،کە لە خانی گومرگەکاندا پشکنینی بۆ دەکرێت و دواتر بە سەر پشتی وڵاخ دەنێردرێن بۆ تەقتەق ولەوێشەوە دەچێت بۆ بەغداد " (لیون، 2010: 226).

جگە لە بازاڕ و بازرگانی هاوکات لەو سەرچاوانەدا باسی لایەنی کشتوکاڵی کۆیەش کراوە و ئاماژە بە پیتی خاکی کۆیە کراوە وباس لەوە کراوە ، کە چەند بەروبوومێکی کشتوکاڵی لێیە ، بەڵام ئەوەی لەم ڕووەوە لە زانیارییەکانی ئەو سەرچاوانەدا بە دیدەکرێت ئەوەیە ، کە سەرەڕای ئەوەی خاکەکەی بە پیت بووە ،کەچی لەگەڵ ئەوەشدا وەکو پێویست بۆ کشتوکاڵ بەکار نەهاتوە،تەنها ئەوە نەبێت ، ئاماژە بە هەبوونی ڕەز وباغی گوندی هەرمۆتە دەکەن ،بۆ نمونە مارك سایکس دەڵێت : لە هەرمۆتە باغی بە شێوازی باش لێکراوە داری قەیسی ،تو ..هتد ی لێ بووە ، میوەی کێوی تا رادەیەك باشن،بەڵام دەڵێت: لە زانستی بێستان باش تێنەگەیشتوون ،بەروبوومەکەیان کوالیتی خراپن ، ( sykes,1904: 214 ).

لە قاموسئەعلامیشدا هاتوە خاکەکەی هەرچەندە زۆر بە پیتیش بێت لە بەر ئەوەی لە رووی کشتوکاڵەوە زۆر بایەخی نەدراوەتێ بەروبوومەکەی هەر ئەوەیە بەشی پێداویستییە ناوخۆیەکانی خۆیان بکات هەندێك ساڵ قات وقڕیشی لێ دەبێت، لە بارەی بەروبوومەکانی کۆیەشەوە دەڵێت : بەروبوومە سەرەکییەکانی بریتین لە برنج ولۆکە و تووتن و پاقلە و میوەی جۆراوجۆر (سامی ،2010: 287)،هاوکات ڤیتالیش هەر هەمان زانیاری باس کردووە و دەڵێت :خاکەکەی زۆر بە پیتە ،بەڵام بەروبومەکەی بە ئاستەم بەشی دانیشتوانەکەی دەکات ولە کاتی قاتوقڕی جۆرە نۆکێك دەچێنن. لە کاتی ئاسایشدا لە پێدەشتەکان برنج پەمۆ و توتن وماش دەچێنن لە چیاکاندا داری بەری دەچێنن (ڤیتاڵ ،2014: 106 )، لە کاتێکدا هەریەك لە ڤیتال و ڕێتۆرێ لە بارەی هەرمۆتەوە دەڵێن :هەرمۆتە کە باغی عەدەنی شارۆچکەکەیە لەوێ لە کەناری جۆگەلەیەك دار ودرەختێکی چڕ هەیە کە هەمو دارێکی بەری لێیە وهەناری زۆرە(ڤیتاڵ ،2014: 105؛ڕێتۆرێ،2008: 49).

لەلایەکی ترەوە هەی کاتێك باسی کۆیە دەکات لە سەردەمی خۆیاندا ،لەم ڕووەوە بەراوردێك دەکات لە نێوان دۆخی ئابووری شارەکە لە کاتی جەنگ ولەو کاتەدا کە ئەوان هاتوونەتە شارەکە، بەمەش وێنەیەکی روون لە بارەی بارودۆخی ئابووری کۆیە لەو دوو سەردەمە دەخاتە روو و دەڵێت :" ئەمرۆکۆیە لە باشترین حاڵەتی گەشەکردندایە ، بازاڕ پڕ لە کاڵایە و بازرگانی ژیاوەتەوە ، زۆربەی دانیشتوان لە برسا لە لێواری مەرگ بوون ،ئێستا گەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان ، بینیان ،کە دەکرێ زۆربەی ئەو هەتیوانەی لە خانەی بێدەرەتانان بوون فێری پیشە بکرێن بۆیە ژمارەیەکی کەم لەو خانەیەدا ماونەوە و دیمەنی شارۆچکەکەش گۆڕا و بارودۆخەکە باشتر بوو وزبڵ و پاشماوەکان لابران و هەوڵی زۆر درا بۆ چاکردنەوەی ئاوەڕۆکان"(هەی،2010: 181 ).لە راستیدا مەسعود محەمەدیش هەمان ئەم راستییە دووپات دەکاتەوە و بە هەمان شێوە باسی ئەو بارودۆخە دەکات و دەڵێت :"چ لە کۆیە وچ لە شوێنەکانی تر خەڵکەکە بە تەنگانەی شەڕی یەکەم و گرانی 1917 دا تێپەڕین ، ئەوەی کوژرا کوژرا ،ئەوەی لە برسا مرد مرد" (محەمەد،2010: 73 )ساڵانی جەنگ وگرانی بەڵایەکی ناگەهان بوو بەسەر کوردستاندا هات و فرزەی لە هەزاران هەزاری لە هەژاران وئیمچە دەوڵەمەندیش بڕی[6] ،" دواتریش دەڵێت :لە 1918 دا ئینگلیزەکان بوونە جێگری عوسمانلییەکان باری حکومەت گۆڕا و مەئموری ئەورووپایی هاتنە جێی بەرتیلخۆر و راوەرووتکەرەکانی عوسمانلی ، خێرا فەقیرخانەیان کردەوە ، سیاسەت بێ یان بە پیاوەتی برسییەکان روویان لەو فەقیرخانەکرد (محەمەد،2010: 79).

لە بارەی لایەنی کۆمەڵایەتیشەوە هەر بە هەمان شێوە لەو سەرچاوانەدا باس لە چەند لایەنێکی کۆمەڵگای کۆیە کراوە ،کە دەکرێت لە بارەی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی ومێژووی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەوە سودی زۆریان هەبێت ،بۆ نمونە لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانە وە بە روونی خوێنەر لەوە تێدەگات کە پێکهاتەی سەرەکی دانیشتوانی کۆیە لەو ماوەیەدا هۆزایەتی بووە ،بۆ نموونە مونشی بەغدادی لەبارەی پێکهاتەی هۆزایەتی لەم شارەدا دەڵێت:"کۆیە ناوچەیەکی خۆشە ، چوار هەزار ماڵی تێدایە لە شێوەی قەڵایەکە مەحکەمە و هۆزەکانی لە ژمارە نایەن هۆزەکانی لە نزیکی کۆیەوە دەست پێدەکات تا نزیکی هەولێر"(بەغدادی،2014: 55) ، هەر لە بارەی هۆزەکانی کۆیەوە لە سەرچاوە عوسمانییەکاندا هاتووە:خەڵکەکەشی چادر نشینن سەر بە چەند عەشرەتێکن (میرماهمالی،میر ئاسونی ،پاشتاغی وهیتر)(دەباغ،2004 : 130)هاوکات ڤیتالیش،گوتویەتی:کوردەکانی کۆیە زۆرینەن وبەسەر چەند هۆزێکدا دابەشبوون، کە هەر یەکێکیان لە لایەن سەرۆکێکەوە سەرکردایەتیدەکرێن ولە شەڕی بەردەوام بوون ، هۆزە سەرەکییەکان بریتین لە میر مەحمەلی ،میر ئاسۆیی ، پاشتاغی(ڤیتاڵ ،2014: 105- 106).

لە لایەکی ترەوە لەو سەرچاوەنەدا هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا زانیاری لە بارەی ئاماری دانیشتوانی کۆیە وپێکهاتەی ئاینی شارەکە خراونەتە روو ، لە بارەی پێکهاتەی کارگێری ودامودەزگاکانی شارەکەشەوە لەو سەرچاوانەدا هاتووە ،کە دەسەڵاتدارانی ئەم شارە بریتین لە قایمقام و جێگری و ئەنجومونی بەڕێوەبەرایەتی هەروەها قازی ،موفتی،باجگر و(3) کارمەندی ژمێریاری ،کارمەندی باری شارستانی وباج وشارەوانییەك ودادگایەکی بەرایی لێیە(ڤیتاڵ ،2014: 49) . هاوکات لە یەکێکی تر لەو سەرچاوانەدا هاتووە ، کە قەڵایەکی کۆن و( 1)مزگەوت و( 10) نوێژگە و( 3 )مەدرەسە و( 6) قوتابخانەی منداڵان و( 3 )تەکیە و( 340) دووکان و( 3 )گەرماو و( 1) فرن و( 8 )ئاشی لێیە (سامی ، 2010: 287 ) ،هەروەها بە پێی ئەو سەرچاوانە قەزای کۆیە ( 1 )ناحیەی هەبووە بە ناوی شەقڵاوە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ( 1500 )کەس بووە وکەوتۆتە رۆژهەڵاتی ئەربیل و (12) سەعات لێی دووره (دەباغ،2004 : 130؛ ڤیتاڵ ،2014: 106).

هەی لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم شارەوە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە گوتوویەتی ،کە شەڕ کۆتایی هات ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە( 10000 )کەسەوە بووبوون بە( 4000 )کەس ، نیوەی ماڵەکانی شار چۆڵ بوون وروخابوون ، خەڵکەکەشی لە هەژارییەکی بێوێنەدابوون نرخەکان، کە پێشتر بەشێوەیەکی نائاسایی بەرزبووبوونەوە دوای چەند رۆژێك لە گەیشتنی من سەدا پەنجا دابەزین بە مەبەستی کەمکردنەوەی هەژاری کە هەموولایەکی گرتبووە وە خانەیەك بۆ نەداران کرایەوە کە( 3000) کەسی لە خۆگرت وهەمووشیان هەتیو بوون .

هەروەها دەڵێت کۆڵانەکان شارۆچکەکە تەسکن، کە لە دوو ڕێگای بەرز پێکهاتوون لە نێوانیاندا رارەوێك هەیە و بەرادەی تێپەڕبوونی وڵاغێك بە بارەوە فراوانە (هەی،2010: 130 ) .

یەکێك لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کە ئەدمۆنس باسی دەکات وئاماژەیە بە رادەی پێشکەوتن وگەورەیی شاری کۆیە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ،بابەتی خوێندنی کچان وخوێندنی تێکەڵاوە ،کە لەمبارەیەوە دەڵێت: لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق خەڵکی زۆر داوای دامەزراندنی خوێندنگای کچان بوون لە گوندەکان تەنانەت لە شارێکی گەورەی وەکو کۆیە بۆ دایك وباوکە روناکبیرەکان کارێکی ئاسان بوو کە کچەکانیان تا تەمەنی( 12-13 )ساڵی لە گەڵ کوڕاندا بنێرنە خوێندنگەی تێکەڵاو (ئەدمۆنس،2004: 35)، هەر لە بارەی لایەنی رۆشنبیری وخوێندنەوە هەی دەڵێت : بە گشتی کۆیە مەلای زۆر بوو کە عەمامەیەکی سپییان لە سەر دەنا لە پێش هەموشیان مەلا موحەمەد فەندی کە ناوی مەتران مان لێنا بوو ئەو لە ناوەڕاستی تەمەندا بوو ، باڵایەکی بەرزی هەبوو خاوەن زانست ومەعریفەیەکی باش بوو بە هەرەیەکی چاکی هەبوو لە زۆر قسەکردندا لە هەر شوێنێدا بوایە قسەکردنی پاوان دەکرد ، هەمیشە شانازی بەوە دەکرد کە زاناترین زاناکانی کوردستانە، لە سەردەمی ئێمە ، کردمان بە حاکمی شەرعی لە کۆیە (هەی،2010: 129 ).

بابەتی خواردن لایەنێکی ترە ، کە لەو سەرچاوانەدا باسکراوە ، لەم رووەشەوە جگە لەوەی هەی چەند جارێك ئاماژە بەم لایەنە دەکات هاوکات ئەدمۆندس دەڵێت: " لە کۆیە جەمیل ئاغای حەوێز میوانداری کردین خێزانی خۆراکێکی ئەوەندە خۆشی ئامادە کردبوو ،کە لەوم خۆشتر لە کوردستاندا نەخواردبوو" (ئەدمۆنس،2004: 375).

یەکێك لەو بابەتانەی کە جێی سەرنجی ئەو گەڕیدانە بووە ولە بەشی هەرە زۆری ئەو سەرچاوانەدا ئاماژەی پێکراوە ،گوندی هەرمۆتەی مەسیحی نشین بووە ،لە نزیك شاری کۆیە ،لە بارەی ئەم گوندەوە ڕێتۆرێ دەڵێت :لەنزیك کۆیە کەمێك لەو دیوو ڕێگاکەی هەرمۆتە شوێنێکی پیرۆزی مەسیحی لێیە کۆنە دێیەکە بە ناوی ما – بەهنام هێشتا دیواری حەوشەکە وچەند ژووریکی بچوك و کڵێساکەی لێماوە ،نوسینێکی کۆن بە کلدانی نوسراوە باسی ئەوە دەکات کە ئەم کڵێسایە لە سایەی ستەمی ئێرانییەکاندا چەندین جار تێکدراوە ودووبارە لە ساڵی 1283 ی زایینی دروستکراوەتەوە ، (ڕێتۆرێ،2008: 50 )، هەروەها لە بارەی هەرمۆتەوە دەڵێت:ئەم گوندە هەمووی مەسیحین ، (4 ) ساڵ دەبێت بیست ماڵێك بە خۆشییەوە لێی دەژیان ، بەڵام ئاغاکانی کۆیە بە سود وەرگرتن لە دۆخی شلەژاوی حکومەت هەڵیان کوتایە سەریان وبەزەبری چەك زەوییەکانیان داگیر کردوون بۆیە مەسیحییەکان ناچاربوون بەجێی بێڵن کە من چوم( 6 )بنەماڵی لێ مابوو ئەوانیش بە دەست هێرشی دزەکانەوە حاڵیان باش نەبوو ، کە زۆربەی دزەکان ئەفسەرە چاوچنۆکەکانی سوپای نیزامی بوون ، وڵات وا

نا ئارام بوو کە نەمتوانی لە کۆیە تا هەرمۆتە بگەم بێ ئەوەی چەند چەکدارێکم لە گەڵدا بێت (ڕێتۆرێ،2008: 49 )،ڕێتۆرێ لە بەر ئەوەی قەشەیەکی مەسیحی بووە و وەك مسیۆنەر هاتۆتە کۆیە زۆر بە ڕەقی باسی موسڵمانەکانی کۆیە دەکات وئاماژە بە دەستڕێژی وستەمکردنیان لە مەسیحییەکان دەکات لەم بارەشەوە دەڵێت:موسڵمانەکانی کۆیە چ موسڵمانێك کوردی لوت بەرز ،دەمارگیر وجاهیل و تا دوا رادە بە چاوی سوك دەڕوانە مەسیحییەکان (ڕێتۆرێ،2008: 47)، تەنها بە گاور وبێئیمان بانگیان دەکەن ،کە لە چاوی ئەوان منیش سەرۆکی گاوران بووم و زۆر جار ناچار دەبووم خاچەکەی ملم بشارمەوە ، مەسیحییەکان بە ئاستەم ئازادی ئەوەیان هەیە ئاینی خۆیان مومارەسە بکەن ، ڕێگا نادەن کلێسا دروست بکەن ولەنێو ژورێکی زۆر خراپدا ئەمە دەکەن وموسوڵمانەکان ئەو شوێنە خراپەشیان تاڵانکردووە وتەنانەت ئایکۆن و تابلۆ پیرۆزەکانیش دەبەن ،ویستم تابلۆیەکی جوانی مەسیح لە سەر خاچ لە کڵێساکە بەجێبێلم بەڵام قەشەکان نەیانهێشت گوتیان ئەگەر ئیسلامەکان بێن وبزانن گڵاوی دەکەن وپارچە پارچەی دەکەن سێ قەشە ئەم کۆمیۆنیتە بەڕێوە دەبەن وقوتابخانەکە پێشتر هەبووە بەڵام ئێستا نەماوە ومن تۆمارم کردووە کە دەبێت دامەزرێتوە (ڕێتۆرێ،2008: 48)هەروەها دەڵێت: گەیشتنم شادی خستە نێو دیانەکانی کۆیە لە بەر ئەو نەهامەتییەی لەم دواییانە بینیبویان دەیانویست قەناعەت بە خۆیان بێنن کەمن هاتوم کێشەکەیان چارەسەر بکەم بەڵام بەداخەوە من تەنها قسەم بۆیان پێ بوو (ڕێتۆرێ،2008: 47)، لە ڕاستیدا نەك هەر ڕێتۆرێ کە قەشە بووە ، بەڵکو زۆربەی ئەو ڕۆژئاواییانەی هاتونەتە کۆیە ولە بارەی کۆیەوە نووسیوویانە هەر بە هەمان شێوە لەو بارەیەوە قسەیان کردووە بۆ نموونە لەم بارەیەوە ڤیتاڵ ئاماژەی بەوە داوە ،کە لە (6 )کیلۆمەتر دەرەوەی کۆیە ئاوایی هەرمۆتە هەیە ئەم ناوچەیە تا بەر لە ماوەیەك سەرلەبەری کریستیان بوون ،بەڵام ئاغا کوردەکانی شارۆچکەکە دەستیان بەسەر داگرت وژیانیان لێ تاڵ کردن(ڤیتاڵ ،2014: 105) ،مارك سایکسیش هەر هەمان بۆچوون دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت لە دەرەوەی کۆیە چەند ماڵێکی مەسیحی هەن لەوانەی موسڵ ، بەڵام سەرنج ڕاکیش و دڵخۆش نین لە بەر ئەوەی لە کوردەکان لە خوارتر تەماشا دەکرێن( sykes,1904:214).هەروەها هەییش دەڵێت : هەندێ تایفەی جولەکە لە هەولێر وکۆیە وبێتواتە هەیە (هەی،2010: 88) دوو گوندی کلدانی هەن ئەوانیش عەنکاوە، کە ( 3 ) میل لە هەولێرەوە دوورە وئەرمۆتا لە دەرەوەی شاری کۆیە (هەی،2010: 89) مەسیحییەکان لە کۆیە وشەقڵاوە کاری چنین دەکەن هەروەها کشتوکالیش دەکەن (هەی،2010: 91)، هاوکات لە بارەی دۆخی مەسیحییەکانی هەرمۆتەوە وچەوساندنەویان لە لایەن کوردەکانەوە دەڵێت:

لە دامینی شاردا تاقمێك مەسیحی پیشوازیان کردم لە پێشیان قەشەکەیان کە زۆر دڵخۆش بوون لەو بیرۆکەیەی بۆی هاتبوم پوختەکەشی ئەوە بوو کە من بۆ ئەوە هاتووم تا لەو چەوسانەویە ڕزگاریان بکەم کە چەند سەدەیەکە بەردەوامە (هەی،2010: 126).

## 5. ئەنجامەکان

لە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتین، لەوانە بۆمان دەرکەوت ، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم چەند بیانییەکی ڕۆژئاوایی ڕێیان کەوتۆتە کۆیە و لە بارەی کۆیەوە زانیارییان تۆمارکردووە، کە تیایندا ئەفسەر ودپلۆمات بووە وتیاشیان دابووە مسیۆنەر وهەشیان بووە کاربەدەست وفەرمانبەر ئینگلیز بووە، کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە شارەکە ئەرکیان پێ سپێردراوە، هاوکات بەو ئەنجامە گەیشتین، کە لە تۆمارەکانیاندا زانیاری وردیان لە بارەی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی کۆیەوە نووسیوە ، کە بەشێکیان لە بارەی لایەنی جوگرافی شارەکەوەن وهەندێکی تریان بەشێك لە دۆخی سیاسی وکێشمەکێشەکانی ئەو ماوەیە لە کۆیە دەخەنە روو ، هاوکات لە ڕێگای زانیاری ئەو سەرچاوانەوە چەند جومگەیەکی مێژووی شارەکەمان بۆ روون بۆوە بە تایبەتی لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا ، هەروەها ئەوەمان بۆ دەرکەوت ، کە بەشێکی ئەو زانیارییانە لە بارەی ژیانی ئابووری شارەکەن ، بەشێکی تریشیان باس لە پێکهاتەی هۆزایەتی وکاگێڕی و ئاینی ناوچەکە دەکەن ، ئەمە لە کاتێکدا کە بەو ئەنجامە گەیشتین ، ئەو گەڕیدانە گرنگی زۆریان بە مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە داوە وهەندێکیان باسی چەوساندنەوەی ئەوان لە لایەن کوردەکانەوە دەکەن.

## 6. سەرچاوەکان

هیود، ولیم.( 2011 ) ،رحلة من ساحل مالابار الی القسطنطینیة ،ژین ،سلیمانیة .

براون، العمید جی .کیلبرت.( 2006) ، قوات اللیفی العراقیة 1915-1932 ، ،الترجمة والتحقیق .د.مؤید ابراهیم الواندی مراجعة .رفیق صالح ، بنکەی ژین ،سلیمانیة.

بەغدادی ،مونشی .( 2014)، سەفەرنامەی مونشی بەغدادی لە تەك مستەر ریچدا (1820)، وەرگێڕانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، موکریان ،هەولێر.

تەیب ،جەمال فەتحولا.(2008) ، کۆیە (1918-1958). لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە ،چاپخانەی شەهاب ، هەولێر.

جاکسون .(2000)،مشاهدات بریطانی عن العراق سنة 1797,ترجمة د.خالد فاروق عمر ,بیروت.

الخیاط ,ط6 .

دەباغ، فەیسەڵ.( 2004) , کوردستان لە چاپکراوە عوسمانییەکاندا، هەولێر.

ڕێتۆرێ، ژان . (2008) ، گەشتنامەی مێسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی1878 ،و نەجاتی عەبدوڵلا ،بنکەی ژین، سلێمانی.

ریچ، کلۆدیۆس جیمس.(2002) گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان 1820 ، ، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی ، ئاراس ،هەولێر .

سامی , شەمسەدین.( 2010 ), قاموسئەعلامی شەمسەدین سامی ، کورد وکوردستان لە یەکەم ئەنسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا ، ئەحمەد تاقانە ،ئاراس ،هەولێر ،چ2 .

ڤیتاڵ، کینێ .( 2014) ،مێژوو و کوردناسی ، و. د. نەجاتی عەبدوڵلا ،هەولێر.

لونکریك، المستر ستیفن همیسلي .(1985) ، اربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث ,ت. جعفر ,

لیون، والاس .( 2010 )،مذكرات والاس لیون في العراق 1918-1944 .الكورد

والعرب والبريطانيون , مراجعة وتقديم د.فيلد هاوس ,ترجمة عماد جميل مزوري , سبيرس، دهوك.

محەمەد، مەسعود .( 2016) ،گەشتی ژیانم ، ناوەندی چاودێر، هەولێر.

محەمەد، مەسعود.( 2010)حەمە ئاغای گەورە ،ئاراس ، هەولیر ، چ2.

موستراس . س (2002) ،المعجم الجغرافي للامبراطورية العثمانية , ترجمة وتعليق ,عصام محمد الشعادات ,دار ابن حزم, بيروت .

نیبوور.( 2013)، سەفەرنامەی نیبوور ( لە سەدەی هەژدەدا )،وەرگێڕانی ئەردەلان عەبدوڵلا ، موکریان هەولیر.

هەی ،دبلیۆ ئار.( 2010)، دوو ساڵ لە کوردستان وەرگێڕانی لوقمان باپیر ، رۆژهەڵات ، هەولێر ،

ئەدمۆنس، سیسل جۆن .( 2004 ) ،کورد تورك عەرەب ، وەرگێڕانی حامید گەوهەری ،ئاراس ،هەولێر چ2.

Kinneir ,John Macdonald.( 1813),A Geographical Memoir Of The Persian Empire, Accompanied By A Map, London.

Sykes ،mark.(1904 ،)Dar ul Islam, London.

[1] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی کۆیە لەقۆناغە مێژووییەکاندا بڕوانە: (تەیب،2008: 32-37 ).

[2] زانای مەتماتیك و نەخشەساز و گەڕیدەی بەناوبانگی ئەڵمانی کە لە سەرداوای میری دانیمارك کاری کردووە لە گەڵ شاندێکی گەڕیدەی سەر بەو وڵاتە گەشتێکیان بە رۆژهەڵاتدا کردووە کە لە 4-1-1761دا لە بەندەری کۆپنهاگن دەرچوون ولە 30-7-1961 گەیشتونەتە ئەستەمبۆل لە مارسی 1966 دەگاتە بەغدا ولە وێوە بە رێگای دوزخورماتووەوە دەچێتە موسڵ و پاشان بۆ باکوری کوردستان وتالە 20-11-1767 دەگاتەوە کۆپنهاگن (نیبوور ،2013: 11-19) .

[3] کەسێکی بە رەچەڵك ئێرانی بوو کە ناوی لە خۆ نابوو (سەید محەمەد کوڕی ئەحمەد حوسێنی مونشی بەغدادی )فەرمانبەر بوو لە موقیمیەتی بریتانی لە بەغدا (رحلة المنشي البغدادي ،2008 : 9) .

[4] هێزی لیڤی ( Levies)ئەو هێزە بوو کە بریتانییەکان دوای داگیرکردنی عێراق لە دانیشتوانی ناوچەکە دایانمەزراند کە سەرەتا لە 40 سواری عەرەبی ناوچەی ناسریە پێکهات وناوەکەی دوای چەند گۆڕانێك بوو بە لیڤی دواتر فراوان بوو لە عەرەب وکورد وتورکمان وئێزدی وئاسوری پێکدەهات یەلام لە کۆتاییدا تەنها ئاسورییەکان پێکهێنەری بوون . (براون،2006: 15 )

[5] حەمەئاغا کوڕی مەحمود ئاغای کوڕی حەمەئاغای کوڕی کەریم ئاغای کوڕی غەفور ئاغایە (محەمەد،2010: 40).

[6] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە ولە باری قات وقڕی 1917هوە بڕوانە : (محەمەد،2010: 74 ) هەروەها(محەمەد،2016 : 151 ) .

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen247